# بنەما نوێیەکانی فەرهەنگنووسی کوردی– (فەرهەنگی کوردستان) و (قامووسی زمانی کوردی) بەنموونە

شهاب طیب طاهر– بەشی کوردی – کۆلێژی پەروەردە– زانکۆی ڕاپەڕین– هەرێمی کوردستان – عێراق
shahab@uor.edu.krd

**پێشەکی:**

بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی بواری فەرهەنگ و فەرهەنگسازی بەڵگەی هۆشیارییە بە گرنگی و گەشەکردن و پەرەسەندنی زمان، لەم چەرخەشدا بە مەزنترین بواری لێکۆڵینەوە زمانەوانی دادەنرێت، هەرچەندە زانست و زانیاری و چەمکەکانی تری ژیان و کۆمەڵگە پێشبکەوێت، بایەخدان بە کاری فەرهەنگسازیش زیاتر ئەبێت.

لە هەموو زمانەکاندا، هەریەکە و بە پێی تایبەتمەندی و قۆناغە مێژووییەکانی و ئەو باردۆخەی پێیدا تێپەڕیوە و هەل و باری بۆ ڕەخسابێت و هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش کاری فەرهەنگنووسی چ زمانەوانی بێت یان لە بوارەکانی تردابێت، بایەخی پێدراوە و لێی کۆڵراوەتەوە و هەر نەتەوەیەکیش هەوڵیداوە زۆرترین فەرهەنگ لە بارەی زمانەکەی خۆیەوە دابنێ و لە بنەماکانی و مەرج و هونەری ئەو زانستە بدوێ و ڕەچاوی بکات.

ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە بۆ دەرخستنی بنەما نوێیەکانی بواری فەرهەنگنووسی، هەروەها پراکتیزەکردنی ئەو بنەمایانە لەسەر دوو فەرهەنگی زمانی کوردی، کە لە قۆناغێکی مێژوویی نزیک یەکتردا نووسراون، ئەویش هەردوو فەرهەنگی (فەرهەنگی کوردستان)ی مامۆستا گیوی موکریانی و (قامووسی زمانی کوردی)ی مامۆستا زەبیحی، بەمەبەستی دەرخستن و دیاریکردن و بەراوردکردنیان بەپێی ئەو بنەما نوێیانەی کە لە کاری فەرهەنگنووسیدا باسکراوە.

– ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناویشانی: ((بنەما نوێیەکانی فەرهەنگنووسی کوردی – (فەرهەنگی کوردستان) و (قامووسی زمانی کوردی) بە نموونە ))یە. بواری توێژینەوکەش دەچێتە خانەی توێژینەوەی زمانناسی فەرهەنگی.

**– سنووری توێژینەوەکە:**



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**سنووری توێژینەوەکەش ئەو فەرهەنگانەی لەخۆگرتووە، کە بە (کوردی – کوردی) نووسراوە، واتە فەرهەنگی یەک زمانن و تایبەت نین بە بوارێکی تایبەت، بەڵکو فەرهەنگێکی گشتییە.**

**- هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوکە:**

**هـۆی هەڵبژاردنیشـی ئەگەڕێتەوە بـۆ دەرخسـتنی ئەو بنەمـا نوێیـانەی فەرهەنگنووسـی، کە فەرهەنگسـازی کـورد تاڕادەیەک کەمتر بایەخی بەو لایەنە داوە، هەروەها دەرخستنی ئەو بنەمایانە لەو دوو فەرهەنگەی هەڵمانبژاردووە و کە بەلای ئێمەوە دوو مامۆستای زۆر لێهاتووی بواری فەرهەنگنووسی دایانناوە و ڕێژەیەکی زۆری ئەو بنەمایانەشی تێدا ڕەچاو کراوە.**

**- ڕێبازی توێژینەوەکە:**

**بەپێی سروشتی توێژینەوەکە سوود لە ڕێبازی وەسفی بەراوردکاری بینراوە، واتە باسکردن و بەراوردکردنی لایەنی بنەما نوێیەکانی فەرهەنگنووسی و پراکتیزەکردنیان .**

**- گرنگی توێژینەوەکە:**

**دەرخستنی بنەما نوێیەکانی بواری فەرهەنگسازی و ڕەچاوکردنی لە کاری دانانی فەرهەنگدا، هەروەها دەرخستنی ئەو زانیار و خاڵانەی کە ئەبێت لەهەر کارێکی دانانی فەرهەنگی نوێدا هەبێت.**

**- ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

**بەپێی سروشتی توێژینەوەکە وامان بەباش زانی کە دابەش بکرێتە سەر دووبەش:**

**- بەشی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ لایەنە تیۆرییە بنەما نوێیەکانی بواری فەرهەنگ و فەرهەنگنووسی و ئەو مەرج و زانیارییانەی کە پەیوەندن بەو بوارە.**

**- بەشی دووەم: تەرخانکراوە بۆ پراکتیزەکردنی ئەو بنەما نوێیانە لەسەر هەردوو (فەرهەنگی کوردستان) و (قامووسی زمانی کوردی) و بەراوردکردنیان.**

**کلیلە وشە: زمانەوانی،فەرهەنگ، بنەما نوێیەکان، قۆناغی مێژوویی**

## بەشی یەکەم: بنەماکانی نوێیەکانی فەرهەنگنووسی:

پـێش ئەوەی باسـی بنەماکـان بکرێـت، ئەکرێـت جیـاوازییەکی نێـوان (**لیکسـیکۆلۆژی** – Lexicology ) و **لیکسیکۆگرافی** – Lexicography) بکرێت، بەوەی کە لێکسیکۆلۆژی ئاماژە بە دیراسەکردنی وشـەکان و واتاکانیـان لەیەک زماندا یان زیاتر دەکات. زانستی فەرهەنگ، یان بڵێین لێکسیکۆلۆژی لە بنەڕەتدا بایەخ بەداڕشتنی وشـەکان و



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

ڕۆنانی و واتاکانی و دەستەواژە زاراوەییەکان و هاوواتا و هاودەنگ و فرەواتاکان دەدات، کەچی لێکسیکۆگرافی بریتییە لە پێنج هەنگاوی بنەڕەتی، کە ئەمانەن: **کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەکان، هەڵبژاردنی دەروازەکان، ڕیزکردنیان بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو، نووسینی کەرەستەکان، بڵاوکردنەوەی بەرهەمی کۆتایی**. **(بڕوانە:علی القاسمی:2003:** 3). کەواتە لێکسیکۆلۆژی گرنگی بە زمان دەدات لە ڕووی داڕشتن و گۆڕانی واتا و فرەواتا و هاوبێژ و گەشە و...هتد، بەڵام لێکسیکۆگرافی گرنگی بە کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەکان و دروستکردنی فەرهەنگ لەڕووی جۆر و پێکهاتەشەوە دەدات. هەموو لایەنەکانی زمانی تێدا دەبینرێت و دیاریکردن و پەیوەندی زانستی وشە و زانستی لیکسیکۆگرافی بەیەکەوە گرێدەدرێت، چونکە کاتێک بایەخ بەلێکۆڵینەوەی زمان دەدەین پەنا بۆ لیکسیکۆلۆژی دەبەین، هەروەها لایەنی لێکسیکۆگرافیش لە زانستی زماندا پشتگوێ ناخرێت، چونکە هەردووکیان لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ئەم دوو زانستە جیاوازە، کەواتە لە ڕێگای وشەوە ئەو دیاریکردن و پەیوەندی نێوان زانستی وشە بە زانستی فەرهەنگنووسییەوە هەیە. پەیوەندی نێوان لێکسیکۆلۆژی و لێکسیکۆگرافی پەیوەندییەکی توند و تۆلیان هەیە، چونکە لێکسیکۆلۆژی لەبارەی ئێستا و ڕابردووی وشە دەدوێت و گرنگی بە وشە دەدات، بێگومان ئەم کارە بۆ فەرهەنگ زۆر پێویستە، هەروەها لیکسیکۆگرافیش گرنگی بە دروستکردنی فەرهەنگ دەدات، چونکە لێکسیکۆگرافی تایبەتە بە ئامادەکردنی فەرهەنگ.(**بڕوانە: شکۆفە حسین محمد صالح:2017: 10**).

لە کاری فەرهەنگنووسیدا کۆمەڵێک بنەما هەیە ئەبێت ڕەچاوبکرێت، بنەماش ئەو دەستوور و یاسایانەیە، کە فەرهەنگساز ئەبێت لە کارەکەیدا پشتی پێ ببەستێت و لەسەری بڕوات، لەپێناو دانانی فەرهەنگێکی نوێ یا هاوچەرخ. ئەو بنەمایانەش بریتین لە:

-پێشەکی فەرهەنگ

- دەروازەکانی فەرهەنگ

- ڕیزکردن و ڕێکخستنی دەروازەکان

- زانیارییە سەرەکییەکانی ناو فەرهەنگ

- ئامرازە دیارەکانی ناو فەرهەنگ

- پاشکۆکان. (**بڕوانە:د.علی القاسمی:2003: 115 و 131**) و (**بڕوانە: نور الهدی لوشن:2008: 267**).بنەما نوێیەکانیش خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندین، گرنگترینیان ئەمانەن:

**1ـ ڕێبازی فکری**: واتە پابەندبوون بە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەروونی و زمانەوانی دەروونی و ئەو لێکۆڵینەوانەی پەیوەندن بە بنیاتی نموونەکانی درکاندن و ...هتد. بابەتی فەرهەنگنووسی نوێ، فەرهەنگێکی عەقڵییە، کە قسەکەر بە خۆڕسکی فێری ئەبێت، بەهەر زمانێک بێت کە ئەو فەرهەنگە پێکبێنێت.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

2ـ **ڕێبازی زانستی**: واتە ڕەچاوکردنی ڕێبازی زانستی لە دیاریکردنی کەرەستەکانی فەرهەنگەکە و ئەرکەکانی، کە ئەمەش بریتییە لە:

أـ دیاریکردنی بابەتی توێژینەوەی فەرهەنگی بەوردی و دیاریکردنی چوارچێوە تیۆرییەکەی.

ب ـ سوود وەرگرتن لە هەموو بوارەکانی زانیاری، کە لەوانەیە سوودی لێببینرێت لە دۆزینەوەی لایەنەکانی بابەتەکە. **(بڕوانە: د.عصام الدین ابوزلال:2016: 16، 17، 18)**.

ئەم بنەمایانەش لەبەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا بە وردی ڕوون ئەکرێتەوە و بنج و بنەوانی لەسەر فەرهەنگدا بەنموونەوە پراکتیزە ئەکرێن.

مەبەستیش لە فەرهەنگنوسی یان فەرهەنگی نوێ یا هاوچەرخ، ((ئەو فەرهەنگانەن، کە دەروازەکانیان وشەی نوێ و تازە لەخۆئەگرێت، کە ئەو وشانەش پاش گەشەسەندنی زانستی لە ولآتە خۆرئاواییەکاندا لە ئەنجامی پەرەسەندنی تەکنەلۆجیا و پیشەسازی نوێدا سەریان هەڵدا))(**سەنگەر علی مامە:2013: 97**)، هەروەها ئەبێت (وێنەی ڕوونکراوەیی بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لە وشە لێڵەکانی تێدابێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە فەرهەنگی نوێدا باشترە نەخشە و ناوی کەسە ناودار و زانا و ڕووداوی مێژوویی و ناوی گوند و زانیاری گشتگیری تر و کۆمەڵێک کەرەسە و بابەتی تری تێدابێت)(**بڕوانە: عبداللطیف الصوفی:1986: 305**)، کە لەبەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا و لە بابەتەکانی تردا بە پوختی باسیان لێوە ئەکرێن. بۆیە ئەکرێت ئامانجەکانی فەرهەنگنووسی نوێ لەم دوو ئامانجەدا چڕ بکرێتەوە:

1ـ **ئامانجی زانستی**: بریتییە لە هەوڵدان بۆ بنیاتنانی تیۆرێکی زانستی ئاوەز(عەقڵ)ی مرۆیی لەپاڵ بەکارهێنانی زمانەکەیدا، لەبەرئەوەی بنیاتنانی تیۆرێک بۆ توانست و جێگیری زمان، بەشێکە لە پرۆسەی بنیاتنانی تیۆرێکی زانستی گشتی بۆ هەموو توانستەکانی ئاوەز(عەقڵ)ی مرۆیی.

2ـ **ئامانجی تەکنەلۆژی**: بریتییە لە بە ئەلیکترۆنیکردنی فەرهەنگ، لەبەرئەوەی بە ئەلیکترۆنیکردنی فەرهەنگ و توانای لە وەرگێڕان و بۆ هەر زمانێک و پێکهێنانی وشە و شرۆڤەکردنی و بەرهەمهێنانی دەق و ...هتد، بەندە بە بەدیهێنانی ئەلیکترۆنیکردنی فەرهەنگ، پاشان ئامانجی زانستییەکە بەندە بە ئامانجی تەکنەلۆژییەوە. (**بڕوانە: د.عصام الدین ابوزلال:2016: 18**).

کاری فەرهەنگنووسی بە کارێکی گرنگی هەموو زمانەکان دائەنرێت و پێویستی بە ڕوونکردنەوە و دەرخستنی ئەو بنەما نوێیانە هەیە، کە فەرهەنگە نوێیەکان جێبەجێیان ئەکەن، ئەو بنەمایانەش بە پوختی و کورتی و بەمشێوەیەی خوارەوە باسی لێوەئەکرێت:



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

### یەكەم: پێشەكی فەرهەنگ:

پێشەكی یەكێكە لە بنەما سەرەكییەكانی نەک هەر فەرهەنگ، بەڵكو بە خاڵێكی گرنگی هەموو كارێكی زانستی ئەژمێردرێت. دەتوانین بڵێین كە پێشەكی بە دینگە و (كلیلی فەرهەنگ دائەنرێت، وەک ناسنامەیەكی ناساندن وایە، كە بوارەكانی فەرهەنگی تێیدا دیاری دەكرێت. گیروگرفت و بوار و ئەو توێژەی تێدا دیاری ئەكرێت، كە سوودی لێ ئەبینن، هەروەها ڕێباز و ڕێگەی ڕیزكردن و چۆنێتی پۆلێنی واتا و هێماكانی تێدا تۆمارئەكرێت، هەروەها ئامرازەكانی ناساندن و شیكردنەوەی ڕەمز و هێما و كورتكراوە بەكارهاتوەكانی تێدا ڕون ئەكرێتەوە). (**بڕوانە: تۆفیق وەهبی و سی جی ئەدمۆندز: 1966: v-vi** ).

پێشەكیش لە كاری هەر فەرهەنگێكدا، خاڵێكی گرنگ و پێویستە، لەبەرئەوەی لەو پێشەكییەدا كۆمەڵێک زانیاری هەیە، ئەبێت بۆ خوێنەر دیاری بكرێت و ڕوونبكرێتەوە، لە جۆری زمانی بەكارهاتوو و ڕیزكردنی دەروازەكان و ڕیزكردنی ناوەكی فەرهەنگەكە و ئەو زانیاریانەی، كە ئەبێت لە پێشەكییەكەدا هەبێت و ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

### 1- ئەركەكانی پێشەكی:

فەرهەنگساز لە پێشەكی فەرهەنگەكەیدا ئەتوانی كۆمەڵێک خاڵی گرنگ و پێویست دیاری بكات، بۆئەوەی خوێنەر شارەزاییەكی پێشوەختەی لە بارەی فەرهەنگەكەوە هەبێت، بۆیە دیاریكردنی ئامانج لە پێشەكیدا كارێكی گرنگە لە فەرهەنگدا، لەبەرئەوەی ئەو زانیارییانەی كە تایبەتن بە فەرهەنگ و فەرهەنگسازی لەخۆدەگرێت و لە پێشەكیدا ڕوون و دیاری دەكرێت، هەموو فەرهەنگێک پێشەكی تایبەتی بە خۆی هەیە، هەیە درێژە و هەیە كورتە. بێگومان پێشەكیش خزمەتێكی زۆر بە خوێنەر ئەكات لە بەكارهێنانیدا و ڕوونكردنەوەی لایەنە شارەواكان و كۆمەڵێ ئەركی تریش، لەوانەش:

### أ- ڕەمز و هێماكورتكراوە بەكارهاتووەكان لە فەرهەنگدا:

فەرهەنگساز بۆ ئاسانكردنی كاری چاپ و وەک بنەمایەكی زانستی فەرهەنگسازیش كۆمەڵێک هێما و ڕەمز و كورتكراوە لە دانانی فەرهەنگەكەیدا دائەنێت، كە ئەویش ئامادەكردنی لیستێكە، كۆمەڵێک ڕەمز و هێمای كورتكراوەی بەكارهاتوو لە فەرهەنگدا لەخۆئەگرێت و بە لیستێک دائەنرێت و نموونەی ڕوونكردنەوەش بۆ واتای ئەو ڕەمز و هێمایانە دائەنرێت.(**بڕوانە: د.علی القاسمی:2003: 117**).(**بڕوانە:د.ئەوڕحمانی حاجی مارف:1987: 165-166**).

### ب- پێناسەیەكی پوختی ئامانجی فەرهەنگەكە و قەبارە و ژمارەی دەروازەكان:

دیاریكردنی ئامانج لە دانانی هەر فەرهەنگێكدا كارێكی گرنگە و ئەبێت لە فەرهەنگەكەدا بەڕوونی دیاری بكرێت و قەبارە و ژمارەی دەروازەكانیش بریتییە لە دەرخستنی كۆی ژمارەی دەروازەكانی فەرهەنگەكە و قەبارەكەشی دیاری ئەكرێت.(**خلیل ابراهیم حماش:** 1997: 32).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**ج- بەکارهێنەری فەرهەنگەکە:**

واتــە دیــاریکردنی ئەو تــوێژەی کە ســوودی لــێ دەبینێــت، چــونکە فەرهەنــگ هەیە تەنهــا بــۆ خوێنــدکارانی قوتابخانەکان دائەنرێت، یان بۆ توێژێکی تایبەتی بوارێکی تایبەت، یان بۆ گشتی دائەنرێت.

**2- ناوەرۆکی پێشەکی:**

لە ناوەرۆکدا بڕێک زانیاری گرنگ هەیە، ئەبێت لە پێشەکی هەر فەرهەنگێکدا هەبێت، ئەو زانیاریانەش ئەمانەن:

**أ- ناساندن و پوختەیەک لە بارەی زمان:**

گرنگە لە فەرهەنگدا و چەند لاپەڕەیەک تەرخـان بکرێت بۆ باسکردنی مێژووی ئەو زمـانەی پێی نووسـراوە و سـەر بە کـام بنەمـاڵەی زمانەکـانە، هەروەهـا دیـاریکردنی دیالێکتەکـانی ئەو زمـانە و تایبەتمەنـدیی و گەشەسـەندن و پەیوەنـدی ئەو بنەمـاڵە زمـانییە بە بنەمـاڵە زمانییەکـانی تـرەوە و دیـاریکردنی زار و شـێوەزارەکانی.(**خلیـل ابـراهیم حماش:1997: 17**).

**ب- ئاستی دەنگسازی:**

یادداشــتکردنی یەکە دەنگســازییە گرنگەکــان لە فـۆنیم و ئەلۆفـۆن و دابەشــکردن و دەستنیشــانکردنی بـڕگە و جۆرەکانی و یاسا فۆنۆلۆجییەکـان و پێکهـاتەی هێزی وشـەکان و ئـاوازی ڕسـتەکان لە فەرهەنگدا .(**د.علی القاسمی: 2003: 116**).

**ج- ئاستی مۆرفۆلۆژی:**

دیاریکردنی جۆری مۆرفیمی وشەکان و یاسای گەردانکردنی فرمانەکان و یاسـاکانی مۆرفۆلـۆژی و دیـاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن و هۆکارەکـانی پیکهێنـانی وشـەی داڕێژراو و لێکدراو و وەرگێڕان و وەرگـرتن و میتافۆر...هتد.(**د.عصام الدین ابوزلال:2016: 32**).

**د- ئاستی ڕستەسازی:**

دیاریکردنی جۆرەکـانی ڕسـتە و ڕێگاکـانی پێکهێنـانی و دیـاریکردنی ئاوەڵکـار و ئاوەڵنـاو ...هتـد. (**بڕوانە:د.عصـام الدین ابوزلال:2016: 16**).

**ه- ڕیزکردنی دەروازەکانی فەرهەنگ:**

دەرخســتنی ئەو ڕێبــازە، یــان ڕێگــایەیە کە بەکارهــاتووە لە ڕیزکردنــی دەروازەکــان و دیــاریکردنی بنەماکــانی ڕێکخستنی کەرەسەکان لەژێر هەر دەروازەیەکدا.( **بڕوانە: خلیل ابراهیم حماش:1997: 18**).

**و- سیستەمی نووسین(خاڵبەندی):**



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

مەبەست لێرەدا نیشانەکانی خاڵبەندییە، کە ئەکرێت لە فەرهەنگدا بەشێوەیەکی زانستی و دەستووری بەکاربێت، بۆئەوەی بزانرێت لە کوێ پێویستی بە وەستان یان پشوودان ئەبێت. هەروەها پێویستە بۆ دیاریکردنی واتای وشە یان ڕستەکان. ئامانج لەو نیشانانە ڕێکخستن و ئاسانکردنی خوێندنەوە و تێگەیشتنە لێی.

سیستەمی نووسین بریتییە لە (( دانانی ڕەمزی تایبەتی لە کاتی نووسیندا، بۆ دیاریکردنی شوێنی جیاکردنەوە و وەستان و دەستپێکردن و دیاریکردنی جۆرەکانی هێزی دەنگی و ئەرکەکانی تری وشە لە کاتی خوێندنەوەدا))(**سەنگەر علی مامە:2013: 99**)، بۆیە دیاریکردنی پوختەیەک دەربارەی سیستەمی نووسینی بەکارهاتوو لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا و شێوەی پیتەکانی زمان و هێماکانی نووسین وا ئەکات فەرهەنگەکە ڕوونتر و ئامانجەکەشی زیاتر بەدەرئەکەوێ.

## دووەم: دەروازەکانی فەرهەنگ:

مەبەست لە دەروازەکانی فەرهەنگ، ئەو وشانەن کە بە خەتێکی گەورە یان بچووک یان تۆخ یان کاڵ ئەنووسرێت، لەناو کەوانەیەک دائەنرێت یان بەبێ کەوانە دائەنرێت. پێویستە فەرهەنگساز لەم بارەیەوە ئاگاداری ئەمانەی خوارەوەبێت:

### 1- ژمارەی دەروازەکان:

ژمارەی دەروازەکان لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی تر و لە بەکارهێنەرێکەوە بۆ بەکارهێنەرێکی تر ئەگۆڕدرێت، لەوانەیە فەرهەنگێکی کشتوکاڵی ژمارەی دەروازەکانی کەمتربێت لە فەرهەنگێکی بواری فیزیا. فەرهەنگ هەیە ژمارەی دەروازەکانی دیاریکراوە و هەشە لە هەزارەها دەروازە زیاترە، بۆیە قەبارەی فەرهەنگ بەندە بە:

**أ- ژمارەی دەروازەکان.**

**ب- ژمارەی واتا جیاوازەکانی هەر دەروازەیەک.**

**ج- دیاریکردنی بڕێکی زانیاری زمانی و ژیاری بەسوود بۆ خوێنەر.**

### 2- هەڵبژاردنی دەروازەکان:

بە خاڵێکی گرنگی فەرهەنگەکان ئەژمێردرێت و پشت بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی وردی وشەکان و واتاکانیان ئەبەستێت، هەروەها پشت بەو ئەرکانە ئەبەستێت کە دەروازەکانی لە پێناودا پۆلێن کراوە.

### 3- جۆری دەروازەکان:

زمانەوانی نوێ جەخت لە سێ جۆری دەروازە ئەکات لە فەرهەنگدا، کە ئەمانەن:

### أ- یەکە ڕێزمانییەکان:

جەخت لە زانیاری ڕێزمانی ئەکات، وەک دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی و سیمانتیک. دیاریکردنی مۆرفیمە سەربەخۆ و بەندەکان و شرۆڤەکردنی هەموو دەستەواژە و کەرەسەکانی مۆرفۆلۆژی و



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

دەنگسازی و ڕستەسازی و سیمانتیکی و گۆڕانکارییەکانیان و دەرخستنی واتا جیاوازەکانی و نموونەی ڕوونکردنەوەی هەموو وشەکان.

**ب- وشەکان:**

لە فەرهەنگە نوێیەکاندا پێویستە ئەو وشانە دیاری بکرێت، کە ئاماژە بۆ ناو یان فرمانەکان ئەکەن و واتای فرمانەکان دیاری بکرێت. هەروەها ناوە داڕێژراوەکە و نەژادی وشەکان لەگەڵ دیاریکردنی جۆرەکانی تری وشە وەک نوێ و خوازە و وەرگێڕدراوەکان دیاری بکرێت.

**ج- ئیدیۆم:**

ئیدیۆم ( دیاردەیەکی فەرهەنگییە لە هەموو زمانەکاندا هەیە بە شێوەی جیاواز و جۆری بایەخدان)(**سەنگەر علی مامە: 2013: 102**). ئیدیۆمیش بەشێکە یاخود پارچەیەکە لە دیاردەیەکی زمانی جیهانی شان بە شان پەند و قستەی نەستەق و وشەی لێکدراو...هتد. کەواتە ئیدیۆم ئەویە، کە دەربڕە و پێکهاتەیێکی تایبەتی و ئاڵۆزە، کە لە یەکگرتنی هەندێک وشە واتایەکی تایبەتی پەیدادەبێت، کە لە مانادا لە وشە نزیک دەبێتەوە، بیرێک، هەستێک، مەبەستێکی تایبەتی پێ دەردەبڕێت و دەگێڕێتەوە، بنچینەکەشی لەسەر لێچوواندن و هێمابووە، سیفەتی کەسێک، شتێک مەوسوفێکی پێ دیاری دەکرێت.(**جەلال مەحمود عەلی:2010: 9**).

**سێیەم: ڕیزکردنی دەروازەکان:**

ئەویش پیشەیەکی تەکنیکی کارامەییە، کە فەرهەنگساز لە کارەکەیدا ڕەچاوی دەکات و لێهاتوو ئەبێت لێی، کە وشەکان بەپێی یەکە ڕێزمانییەکان ڕیز ئەکات و لێهاتوویی خۆی تێدا دەرئەخات و خوێنەر بە ئاسانی ئەتوانێت هەر شتێکی بوێت بە ئاسانی دەستی بکەوێت و کاتیش بە فیڕۆنەدات لە گەڕان بە دوای وشەکاندا.

**چوارەم: زانیارییە گرنگەکانی ناو فەرهەنگ:**

ئەو زانیارییانەی کە ئەبێت لەناو فەرهەنگدا هەبێت، گرنگی خۆی هەیە، بۆئەوەی خوێنەر بەخێرایی سوودی لێ ببینێت لە تێگەیشتنی بۆ زمان و وەرگرتن و دەربڕینی لێی، بۆیە فەرهەنگ هەر ئەوە نییە چەند وشەیەک دابنرێت و بەرانبەرەکەی بەهەمان زمان یان بە زمانێکی تر لێکبدەینەوە، بەڵکو لە فەرهەنگدا لەپاڵ دانانی وشەکان ئەبێت زانیاری ڕێزمانی تەواو بۆ وشەکان دابنرێت.(**بڕوانە: د.ئەورەحمانی حاجی مارف:1987: 31**). لەو زانیارییانەش:

**1- زانیاری لە بارەی دەنگسازییەوە:**

لە فەرهەنگە نوێیەکاندا ئەرکی زانیاری دەنگسازی، یان سیستەمی نووسینی دەنگی (فۆنیم ) و هێز و ئاواز و ئەلۆفۆن و دەرخستنی چۆنێتی گۆکردنی دەروازەکان و ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان وشە و گۆکردن(تەلەفوز) کارێکی زۆر پێویستە(**بڕوانە:محمد معروف فتاح:2001: 170–171**). کە گۆکردن ئەبێت بەشێکی گرنگ بێت لە فەرهەنگدا، بۆیە ئەو ڕێگایانەی پەیوەندن بە گۆکردنەوە ڕێکبخرێن و ڕەمز و دەنگی بۆ هەڵبژێردرێت، کە کەرەسە

یان وشە گۆكراوەكە لە نێوان دوو خەتی لاردا دائەنرێت، بە دانانی هێمایەک لەژێر ئەو بڕگەیەی گۆكردنەوەكەی ئەوێت، ئاماژە بە هێزی سەرەكی ئەكرێت و بە پێچەوانەی هێزی ناسەرەكی بە هێمایەكی بۆ سەر بڕگەكە ئاماژەی پێ ئەكرێت، بەڵام لە حاڵێكدا كە گۆكردن جیاوازبێت لە نووسین، پێویستە دووبارە حینجەكردنی دەروازەكان لە ڕووی دەنگسازییەوە بنووسرێتەوە، ئەمەش كارێكی گرنگە، لەبەرئەوەی یارمەتی خوێنەر ئەدات كە گۆكردنی بەشێوەكی ڕاست بكات بێ هیچ هەڵەیەک.(**د.علی القاسمی: 2003: 39 و خلیل ابراهیم الحماش:1997: 34**).

لێكۆڵینەوە زمانەوانییە نوێیەكان ئەوەیان سەلماند كە لێكۆڵینەوەی واتا یان سیمانتیكی فەرهەنگی وشەكان، پێویستی زۆری بە دەنگسازی هەیە(**سەنگەر علی مامە:2013: 102**). ڕێبازی نووسین لە فەرهەنگە زمانییەكاندا بایەخ بە نووسینەوەی وێنەی چالاكی وشەكان، لەگەڵ دیاریكردنی واتاكان ئەدات، بۆئەوەی شوێنی هێزی وشە و جۆرەكانی دیاری بكات و هێڵی ئاواز و كورتی و درێژی دەنگەكان دەربخات.(**عبدالعزیز احمد علام و عبدالله ربیع محمود: 2009: 55**).

## 2- زانیاری لە بارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاكسەوە:

كە ئەمیش كۆمەڵێک زانیاری لەخۆئەگرێت، لەوانەش:

أ- بایەخدان بە پێكهاتەی وشەكان و ڕەچاوكردنی وشە ئەركییەكان، وەک ئاوەڵناوی نیشانە و جێناوی نیشانە و ئامرازی پەیوەندی و پێشبەند ...هتد.

ب - ڕوونكردنەوەی پێكهاتە ڕستەییەكان.

ج --دیاریكردنی جۆری وشەكان لەڕووی تاک و كۆ و ناسیاوی و نەناسیاوی و ...هتد.

د --دیاریكردنی دەروازەكە، ئایا ناوە یان فرمانە یان ئاوەڵناوە یان ئاوەڵكارە یا ژمارەیە ...هتد.

هـ - ئاماژە بە جۆری فرمانەكان بكرێت، ئایا تێپەڕە یان تێنەپەڕە لەگەڵ دیاریكردنی كاتی فرمانەكە.(**د.علی القاسمی:1975: 91**).

## 3- زانیاری سیمانتیكی:

مەبەست لە زانیاری سیمانتیكی دەرخستنی واتای هەموو دەروازە سەرەكییەكەیە و جیاكردنەوەی و هەروەها ئەبێت ئاماژە بۆ هاوواتا و دژواتا و هاوبێژ و فرەواتاكانیش بكرێت. هەروەها بەكارهێنانی ڕێگای ڕوونكردنەوە و شرۆڤەكردنی، لە ڕێی (سیاق، وێنە، دەستەواژە ) و هەر هۆكارێک بتوانێت واتاكان بگەیێنێتە بەر دیدی خوێنەر بە وردی و بەڕوونی. لە كاتی پێویستیش بێجگە لە وێنە و شتی تر، پەنا ئەبرێتە بەر دارشتن و وەرگرتن و وەرگێڕان و داتاشین، بۆ ڕوونكردنەوەی واتاكان.(**بڕوانە: د.علی القاسمی:2003: 123-124**).

## 4- زانیاری پراگماتیكی(معلومات الاستعمال والاسلوب):



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

ئەو دارشتە زمانییەیە، یان ئەو شێوازەیە کە وشەکەی تێدا دەرئەکەوێت، یان دەربڕینێکی دەستکردە، یان سیاقییە یان بینراو یان وشەی گەردانکراوە، لەو زانیاریانەش:

**أ- زانیاری لەبارەی کۆنی و نوێیی وشەکان** و مێژووەکەی و ڕێژەی بەکارهێنانی و بڵاوی و جۆری گۆکردنی، ئایا کۆنە، دەگمەنە، نوێیە، بڵاوە، ئەدەبییە، شارستانییە...هتد.

**ب- زانیاری پەیوەندیدار بە ڕێپێدانی وشە و ڕێپێنەدانی(تابۆکان).(فندریس: 1950: 281)**، کە ئەوەش لەوانەیە قەدەغەکراوبێت لەڕووی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە، یان بڵێین وشە تابۆکان ئەگرێتەوە.

ئەمەش لە هەموو کۆمەڵگەکاندا باو و بڵاوە، بۆیە پێویستە فەرهەنگساز لە فەرهەنگەکەیدا ئاماژە بە وشە تابۆکاندا بکات، ئەو وشانەی کە کۆنن و ئێستا لە زمانی هاوچەرخدا بەکارنایەن، یان ئەو وشانەی کە قەدەغەکراون و لە بەکارهێناندا پۆزش دێنەوە لە بەکارهێنانیاندا، بۆ ئەوەی بە هەڵە بەکارنەیات لەهەندێ هەڵوێست و شوێنی تایبەتی، مرۆڤ پەنادەباتە بەر بەکارهێنانی وشەی تر لە وشە تابۆکان. تابۆکانیش دوو شێوە خۆیان دەنوێنن، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، تابۆی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەناوی هەندێ نەخۆشی و کۆئەندامی زاوزێی و دەردانەوە هەیە، هەرچی ناڕاستەوخۆکانیشە لە فەرهەنگدا هەن، بەڵام فەرهەنگنووس دیارییان ناکات و جیایان ناکاتەوە، وەک: (تێکرد، تیخست، هەڵسا پیاکرد...). (**د.محمد معروف فتاح:2001: 178**).

**ج- زانیاری لە بارەی ئاست و ڕوشنبیری خەڵکەوە:**

لەفەرهەنگدا گرنگە ڕەچاوی شێوەزاری توێژە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەدا بکرێت، ئاماژە بەو لایەنە جیاوازانەش بکرێت.

**د- زانیاری پەیوەند بە خودی وشەکە، پێوانەییە یان ناپێوانەییە**، ئەویش بە تۆمارکردنی لەژێر ئەو زمانەی کە سەربەوە، بۆ نموونە: زمانی پێوانیی، یان زمانی ئەدەبی، یان زمانی میللی، یان فەرمییە، یان نافەرمییە، لەڕێی ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان زمانی فەرمی و نافەرمی.

**هـ- زانیاری دەربارەی شوێنی بەکارهێنانی وشەکە و ناوهێنانی**، کە بە زمانی هەرێمی یان جۆراوجۆرێتی جوگرافی ئەناسێنرێت، یان لە قورئان یان فەرموودە یان لە تەوراتدا هاتووە...

## 5- زانیاریی گشتگیریی(المعلومات الموسوعیە):

بە زانیاری ژیاریش ئەناسێنرێت، ئەم زانیارییانە لە فەرهەنگە گشتییەکاندا بەکاردێت، کە زانیاری لە بارەی جیهانی دەرەوە پێشکەش دەکات، لەو زانیاریانەش:

**أ- زانیاری لەبارەی ناوەکان، وەک: کەس، ئاژەڵ، ڕووەک، شوێن...هتد.** ئەمەش لە پێناو ئەوەیە زانیارییەکی زیاتر بە خوێنەر ببەخشێت و وا ئەکات زانیارییە زمانییەکە زیاتر لە مێشکدا بچەسپێت. پێویستە فەرهەنگساز ئەو ناوانە هەموو لە فەرهەنگدا دانەنێت ئەگەربێت و پەیوەندی بە باسەکەوە نەبێت.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**ب- زانیاری لە بارەی ڕووداوی مێژوویی، ناوەکان، دیاردە جوگرافیییەکان، ئاسەوارە ناودارەکان.**

**ج- زانیاری لە بارەی داب و نەریت و کەلتوور و باوەڕە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان.**

**د- زانیاری لە بارەی زاراوە زانستییەکان.(بڕوانە: احمد مختار عمر:1998: 160-161).**

**پێنجەم: ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ:**

هەندێ لە فەرهەنگسازەکان پەنا ئەبەنە بەر هەندێ هۆکار و ئامێر و ئامراز، بۆ گەیاندنی زانیاری بنەڕەتی وەک دەنگی و ڕێزمانی و واتا و گشتێتی بۆ خوێنەر. ئەو ئامێر و ئامرازانەش سێ جۆری هەیە، وەک:

**أ- ئامرازە بینراوەکان:**

مەبەست لەو ئامرازانەیە کە ئەبینرێت و ڕۆڵیان لە کاری فەرهەنگدا هەیە، وەک: ( وێنە و نەخشە و ...هتد). کە هەندێ جار فەرهەنگساز ناچارئەبێت پەنایان بۆ ببات، بۆ ڕوونکردنەوەی وشەیێک، کە ئەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ ڕوونکردنەوە و گەیاندن و چەسپاندنی زانیاری و واتا بۆ خوێنەر.

وێنەی ڕوونکردنەوەییش لە چاپکراوەکاندا بە تایبەتی لە فەرهەنگیشدا شوێنێکی بنەڕەتی ئەگرێتەوە لە پرۆسەی ڕوونکردنەوەی وشەکان و واتاکانیان.(**سەنگەر علی مامە: 2013: 104**). ئەمەش زیاتر لەو فەرهەنگاندا ئەبینرێت، کە بۆ منداڵ و تەمەنەکانی تر ئەبینرێت، بۆ ئەوەی زیاتر سوودمەندبێت، لەبەرئەوەی جۆری ئەو فەرهەنگانە بۆ منداڵ بە مەبەستی فێرکاری دائەنرێن، وێنە و نەخشی زۆری تێدابەکاردێت، کەچی وەک بنەمایەک لەهەر شوێنێک بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ وشەی لێڵ، پێویستە وێنە یان هەر هۆکارێکی تر بەکاربێت، تا بکرێت بە ئاسانی وشەکە ڕوون ببێتەوە. بەکارهێنانی وێنەش بێجگە لە سوودەکەی زیانی خۆشی هەیە.

**ب- ئامرازە زارەکییەکان:**

مەبەست لەو ڕستە و دەستەواژە و نموونە و ئایاتی قورئانی و فەرموودە و شیعرانەیە، کە فەرهەنگساز لە فەرهەنگەکەیدا پشتی پێ ئەبەستێت(**بڕوانە: د.علی القاسمی: 1975: 43**)،کە کۆمەڵێک بەدی ئەهێنێ:

**1ـ ئاسانکردنی واتای وشەکان و پێکهاتە و ئاستەکانی (دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی).**

**2ـ ڕوونکردنەوەی واتاکانی وشەکە و جیاکردنەوەی واتایەک لە واتایێکی تر.**

ئەو ئامرازانەش ئەبێت ڕاستی بن (مەبەست ئەوەیە خەیاڵی نەبن و لە هزری فەرهەنگسازەوە دروستکرابێت) و بە زمانێکی ڕوون دابڕێژرێت و ئاسانبێت و نموونەکانیش بە ڕێگەیەکی کورت و سوودبەخش هەڵببژێردرێت و لە هەمان کاتیشدا واتای وشەکە دەربخات.

**ج- ئامرازە بیستراوەکان:**

مەبەست لەمەش ئەوەیە کە ئەو فەرهەنگە تۆمارکرابێتە سەر (DVD) و (CD) و یان کاسێتی بچووکی تۆمارکراو، یان هەر ئامرازێکی تر، کە پەیوەندی بە تۆمارکردنەوەوە هەبێت، کە ئەمەش سوودێکی زۆری بۆ خوێنەر ئەبێت لە چۆنێتی گۆکردنی وشەکان بە ڕێگەیەکی ڕاست و دروست و بێ هیچ هەڵەیەک.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

## شەشەم: پاشکۆکان:

فەرهەنگسازە نوێیەکان، یان بڵێین لە فەرهەنگە نوێیەکاندا و لە کۆتایی فەرهەنگەکدا چەند پاشکۆیەک دائەنرێت، کە پەیوەندبێت بە فەرهەنگەکە و لە هەمان کاتیشدا گرنگ بن و خزمەتی لایەک لە لایەنەکانی فەرهەنگەکە بکات. ئەویش خۆی لەخۆیدا سوودێکی زۆر و زانیارییەکی تر بێجگە لە زانیارییەکان ناو فەرهەنگ بە خوێنەر ئەگەیێنێت، کە هەندێ جار ئەو زانیارییانە سوودی زیاتری لەو زانیارییانە هەیە کە لەناو فەرهەنگەکەدا هەیە. ئەو پاشکۆیانەی کە بکرێت لە فەرهەنگدا هەبێت، ئەمانەی خوارەوە هەندێ لەو پاشکۆ پێشنیازکراوانەن:

1ـ لیستێک بە ڕەمز و کورتکراوەکان.

2ـ-لیستێک بە وشە هاوواتا و هاوبێژ و دژواتا و ...هتد.

3ـ-لیستێک بە هەڵە باوەکان و وشەکانی بێگانە و ناوهێنانی سەرچاوەکانیان و نەژادیان.

4ـ دیاریکردنی کێڵگە واتاییەکان.

5ـ-زانیاری گشتگیریی، لەوانەش: (ڕۆژانی هەفتە، مانگەکانی ساڵ، شوێنە گرنگەکان، ناوی نەخۆشییەکان، پلەکانی سووپا و ...هتد.).

6ـ-ئیدیۆمەکان.

7ـ هەر زانیارییەکی تر پەیوەست بێت بە فەرهەنگەکەوە.

لە کۆتایی ئەم گەشتەدا بەنێو بنەما نوێیەکانی فەرهەنگنووسیدا، دەکرێت بوترێت ، کە (فەرهەنگ ــ ئەو کتێبەیە کەوا وشەی تێدا تۆمارکراوە. جگە لە ڕیزکردنی وشە، هەروەها لێی کۆڵراوەتەوە و مانای ڕونکراوەتەوە و شیکراوەتەوە و زانیاری دەربارەی چۆنێتیی نووسینی و بە دەمداهاتنی و پەیدابوونی ...دراوە). (**د.ئەورەحمانی حاجی مارف: 2004: 261**)، هەروەها ئەکرێت کۆمەڵێک ئەرک بۆ فەرهەنگ دابنرێت، کە ئەمانەن:

1ـ ڕوونکردنەوەی واتا.

2ـ دیاریکردن و چۆنێتی گۆکردن(تەلەفوزکردن).

3ـ دیاریکردنی فۆنیمەکان و وێنەکانیان.

4ـ زانیاری دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتایی و پراگماتیک و ئیدیۆم و زانیاری گشتگیری .

5ـ بەشدارییکردن لە جێبەجێکردنی ئامانجی فێرکاری و پەروەردەیی بۆ قسەپێکەرانی زمانەکە.

6ـ بەشداریکردن لە پاراستنی زمان.

7ـ پێکهێنانی وشە. (**د.عصام الدين ابوزلال:2016: 42-43**).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

## بەشی دووەم: بنەما نوێیەکانی فەرهەنگنووسی لە هەردوو (فەرهەنگی کوردستان) و (قامووسی زمانی کوردی):

- ناساندنی **(فەرهەنگی کوردستان)** و **(قامووسی زمانی کوردی)**:

### 1- (فەرهەنگی کوردستان):

گیوی موکریانی ساڵی (1977) ئەم فەرهەنگەی نووسیوە و لەبەر کۆچکردنی بە چاپ نەگەیێنراوە و یەکێکە لە فەرهەنگە هەرە بەنرخەکانی بواری فەرهەنگسازی کوردی. پاشان (د.کوردستان موکریانی) و بە یارمەتی لیژنەیەک لە خەمخۆرانی زمانی کوردی وەک: (بدران ئەحمەد) و (د.عەزیز گەردی) و (ئەحمەد تاقانە) و (لوقمان موسا) و (حیکمەت عیسا سەلمان) و (پەخشی مەلا سەالَح) و (سیڤەر مەحمود) و (شێرزاد فەقێ ئیسماعیل) و (کەریم سۆفی) (بڕوانە: فەرهەنگی کوردستان:1999: پێشەکی) هەستان بە لە چاپدانی و ئەوبوو لە ( 1999/3/20) کەوتە بەردیدی خوێنەران و پێشەکییەک و هەندێ وێنەی خستەسەر هەندێ لە دەروازەی فەرهەنگەکە.

### 2- ( قامووسی زمانی کوردی ):

قامووسی زمانی کوردی لە دوو بەرگ پێکهاتووە:

- بەرگی یەکەمی لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ساڵی (1977) لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە .

- بەرگی دووەمیشی لە هەمان چاپخانەو لە ساڵی (1979) لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە,

بەرگی یەکەمی لە دوو بەش پێکهاتووە:

**أ-سەرەتایەکی مێژووی زمانی کوردی**، کە (**110**) لاپەڕەیە. بریتییە لەم باسانە: ( پێشگۆتن ل5-6، زمانی کوردی لە قۆناغی ئێستایدا ل7-10، زمانی هیند و ئەورووپایی بنەمای گەورەی زمانان ل11-12، زمانی مادەکان چ بووە؟ ل13-16، زمانی ئاوێستایی ل17-21، زمانی پارسی کۆن ل22-23، دەوری ناوەڕاستی خێزانە زمانی ئێرانی ل14، زمانی پارتی((پەهلەوی)) ل25-31، زمانی کوردی ل32-34، زمانی کوردی پاش ئیسلام ل35- 38، لەهجەکانی زمانی کوردی ل 39-44، لەهجەکانی کوردی چۆن پەیدابوون ل45-55، گۆرانی(هەورامی) زازا ل55، دەربارەی ((دەنگ))ی کوردی ل56-66، گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی ل67-71، فەرهەنگنووسی ل72-92...).

**ب --قامووسی زمانی کوردی**، ئەم بەشە (**246**) لاپەڕەیە و سەرلەبەری ئەو وشانەن کە بە پیتی (هەمزە) دەست پێئەکەن. کەواتە بەرگی یەکەمی (356) لاپەڕەی لەخۆگرتووە.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

بەرگی دووە می ((قامووسی زمانی کوردی)) (232) لاپەڕەیە و بۆ ئەو وشانە تەرخانکراوە کە بە پیتی (ب) دەست پێ ئەکەن، بەڵام ئەو وشانەی تێدانییە، کە بە (ب + ( ی ، ێ ، یی) ) دەست پێ ئەکەن.(**بڕوانە: د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1989: 303–304**). کەواتە بە هەردوو بەرگەکەی (588) لاپەڕەی لە خۆگرتووە.

## یەکەم: پێشەکی هەردوو فەرهەنگەکە:

پێشەکی (**فەرهەنگی کوردستان**) لە پێنج لاپەڕە پێکهاتووە، بە ژمارەی ڕۆمانی (i– ix ).

پێشەکی (**قامووسی زمانی کوردی**) (110) لاپەڕەی تەرخانکردووە بۆ زمانی کوردی و چۆنێتی دانان و مێژووی فەرهەنگنووسی.

### 1- ئەرکەکانی پێشەکی فەرهەنگ:

### أ- ڕەمز و هێما کورتکراوە بەکارهاتووەکانی ناو فەرهەنگەکە:

### 1- ڕەمزەکان:

– ئەو لیژنەیەی (**فەرهەنگی کوردستان**)ی لە چاپداوەتەوە، هەندێ ڕەمز و کورتکراوەیان تێدا بەکارهێناوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

( ، ) ئاماژە بۆ ئەو وشانە ئەکات، کە وشەی تری هەیە، یا لێ ئەبێتەوە.

( . ) واتای ئەوەیە کە وشەکە زیاتر لە واتایەکی هەیە.

( . ـ ) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە وشەکە یا داڕێژراوە یا لێکدراوە، یا لێکدراو نییە بەپێی ئەو وشەیەی کە لە سیاقی فەرهەنگەکەدا دێت.

( ⁕ ) هێمایە بۆ ئەو وشەیەی کە لیژنەکە شرۆڤەی کردووە.

( ؟ ) ئاماژە بەوە ئەکات کە واتای وشەکەیان لە فەرهەنگدا نەدۆزیوەتەوە.

– لە (**قامووسی زمانی کوردی**)دا ئەم کورتکراوە و ڕەمز و هێمایانەی بەکارهێناوە:

( * ) بۆ هاوواتا .

(: : ) نموونە (مثال )

( ☐ ) شایەد

( // ) دژواتا

- ڕستەی ساز و ئامادە لە زماندا



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

( ؟ ) بۆ شتێ بەکارهاتووە سەرچاوەکەی دیارنەبێت.

ژمارەکانی ( 1، 2، 3، 4...) بۆ وشە هاودەنگەکان بەکارهاتووە. هەروەها ئەگەر لەژێر یەک وشەیەکیشدابێت بۆ فرەواتایی وشەکە دانراوە...

## 2- کورتکراوەکان:

-(**فەرهەنگی کوردستان**) لە پێناو ئاسان بەکارهێنان و کەمبوونەوەی لاپەڕەکانی فەرهەنگەکە کۆمەڵێک کورتکراوەی بەکارهێناوە، کە ئەمیش بریتییە لە دیالێکت و شێوەزارەکانی زمانی کوردی و زمانەکانی تر، بەمشێوەیەی خوارەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئارا.ئارارات | بۆل. بۆلی | دۆس.دۆ.دۆسکی | سیو.سیوەیل |
| ئاک. ئاکرێ | بی.بیج.بیجوان | دۆل.دۆلەمەری | ش.شارباژیری |
| ئاکۆ.ئاکۆیان | بیت.بیتووین | دهۆ.دهۆک | شار.شارویران |
| ئالا.ئالان | پا.پارسانی | دیا.دیاربەکر | شارە.شارەزوور |
| ئامی. ئامێدی | پە.پەە.پەهلەوی | رەوت.رەواندز | شاگی.شالەبەگی |
| ئاو.ئاوی.ئاویستا | پر.پرد.(ئالتونکۆپری) | رە.رەو.رەوەند | شە.شەبەک |
| ئەردە. ئەردەلان | پژ.پژدەری | رۆژ.رۆژبەیانی | شەقە.شەقلاوە |
| ئەرگوو.ئەرگووش | پێ.پین.پینجوین | رۆ.رۆست | شەم.شەمزینان |
| ئەنە. ئەنەدۆل | پیی.پیر.پیران | ز.زاخ.زاخۆ | شک.شکاک |
| ئۆ. ئۆمەربل | پیرە.پیرەسنی | زا.زازا | شک.شکاک |
| ئیرە.ئیرەوان | تا.تالەبانی | زەر.زەرزا | شو.شوان |
| بابا. بابان | تاو.تاوگزی | زەڤ.زەندا.زەنداویستا | شیر.شیروان |
| باجە. باجەلان | تەر.تەرگور | زەن.زەنگەنە | شیخ.شیز.شیخبزین |
| باد. بادینان | توو.تولّبی | زر.زرا.زراری | شنک.شینکایەتی |
| بار. بارزان | تی.تیلەکۆ | ز.زیبار | ع.عربی |
| باش. باشەقلان | جا.جاف | زیی.زییکی | عرا.عراقی |
| باک. باکوور | جە.جەبا.جەباری | زییل.زیی.زییلی | عە.عەبدۆیی |
| بال.بالە.باڵەک | جەل.جەلالی | ژاوە.ژاوەرۆ | ف.فە.فەیلی |
| بالـــــک. یـــــا (بالە)باڵەکیان | جز.جزیرە | ژ.ژەنگار | قەر.قەرچی |
| بالی. بالیسان | جو.جووانرۆ | سا.سابلاخ | قەرە.قەرەداخ |
| بان. بانە | جۆڵە.جوڵەمیرگ | سال.سالەیی | کە.کەرکوک |
| باو. باوەمەر | چی.چیاکرمانج | سەش.سەر.سەردەشت | کەل.کەلهور |
| بەخ.بەختیاری | ح.حەسەنی | سەر.سەرگە.سەرلۆیی | کر.کرمانشا |
| بەر. بەرزنجە | خا.خانەقین | سەق.سەقز | کر.کرمانجی |
| بەروا. بەرواری | خان.خانی | سەل | کف.کفری |
| بەگکـــــۆ.بەگزادەی کۆیە | خۆ.خۆشناو | سەلماس | کۆ.کۆیە.کۆیسنجق |



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

| | | | |
|---|---|---|---|
| بت. بەتليس | خيل.خيلە.خيلەسات | سزيز.ئيسماعيل عوزيرى | كور.كوردى |
| برا. برادۆست | دا.داوودە | سع.سعيرت | كۆك.كوردى كۆن |
| برۆ. برۆتى | دەر.دەربەندى | سل.سليمانى | كورد.كوردستان |
| بل. بلباس | دەرس.دەرسيم | سن.سنە | كوردكۆ.كوردى كۆن |
| بۆت. بۆتى | دەرش.دەرش | سۆ.سۆران | كووك.كوردى كۆن |
| بۆتا. بۆتان | دەل.دەدەلوو | سو.سوورچى | گەرد.گەردى |
| گەر. گەرگەرى | دز.دزە.دزەيى | سوور.سووريە | گەردى(بـــاک)گەردى باكوور |
| گەل. گەلباخى | مامە.ما.مامەش | سوى.سويسنى | هە.هەر.هەرەكى |
| گەو. گەورە | مام.ماسال | مو.موک.موكريان | هەر.هەرير |
| گەور. گەورک | ماو.ماوە.ماوەت | مەحموک.محالى موكريان | هەس.هەسنى |
| گۆ.گۆرا. گۆران | مەگە.مەرگە.مەرگەورە | مح.ميرە.ميرمەحمەلى | هەور.هەرووتى |
| گۆى. گۆ.گۆيى | مەر.مەريوانى | مل.مللى | هەگير.هەڤيركان |
| گژ. گيژ | مەليش.مەليكشايى | نا.ناو.ناوكو | هەک.هەكا.هەكارى |
| لک.لەک | مەن.مەنتک | نە.نەهرى | هەل.هەلە.هەلەبجە |
| لو.لوڕ | مەند.مەندەلى | نخ.نەپا.نەپاخى | هەم.هەمە.هەمەوند |
| لهـ .لهۆن | مەنگ.مەنكور | نەو.نەورۆ.نەورۆلى | هەو.هەرا.هەرامى |
| م.مار.ماردين | مەە.مەها.مەهاباد | وا.وان | هل.هەو.هەولير |
| يە.يەزيدى | ە.هەرت.هەرتەل | وە.وەرتى | هۆر.هۆرەمارى |

– (**قامووسی زمانی کوردی**)ش لە پێناو ئاسان بەکارهێنان و کەمبوونەوەی لاپەڕەکانی فەرهەنگەکە کۆمەڵێک کورتکراوەی بەکارهێناوە و نووسیویەتی: هێماکان تەنها لایەنی ڕێزمانی ناگرنەوە، بەڵکو لایەنی ئەدەبیش دەگرێتەوە و تەنانەت هێمای بۆ سەرچاوەکانیش داناوە، بەڵام زەبیحی هێمای بۆ هەندێ لایەنی وەک: (برگە، فرێز، ناوی بەرجەستە و واتایی) دانەناوە. لە لاپەڕە (95 تا 100) ئەو هێمایانەی کە نووسیویەتی شیکردۆتەوە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

| نيشانه | لەباتی | نيشانه | لەباتی |
|---|---|---|---|
| ئمـ | ئامراز | عا | عەرەبی (زمان) |
| ئمتـ | ئامرازی تێکەڵاو | فا | فاعيل |
| ئيز | ئيزافه | فر | فارسی (زمان) |
| با | بادينانی(بن لەهجە) | فعـ | فيعل |
| بکـ | باکووری(لەهجە) | فجـ | فيعلی مەجهول |
| بگـ | بانگکردن | فيـ | فەيلی (بن لەهجە) |
| بنـ | بەند | کئێر | کوردســـتانی ئێـــران (زمانی) |
| بنتـ | بەندی تێکەڵاو | کتو | کوردســـتانی تورکيـــا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | (زمانی) |
| پـ | پاشبەند | کعر | کوردستانی عێراق (زمانی) |
| پتـ | پاشبەندی تێکەڵاو | ککـ | کەرکوکی (بن لەهجە) |
| پهـ | پەهلەوی(زمان) | کنـ | کینایە |
| پێـ | پێشبەند | کو | کوردی (زمان) |
| پێفـ | پێشبەند فعل | کیـ | کۆیی (بن لەهجە) |
| تبـ | پیتی تێک بەستن | لا | لازم (مەصدەر) |
| تتـ | تازە داتاشراو | متـ | متعدی (مەصدەر) |
| تمـ | تەماشاکە | مجـ | مجاز |
| تو | ترکی(زمان) | محر | تەحریف کراو |
| تێبـ | تێبینی | مصتـ | مەصدەری تێکەڵاو |
| جفـ | جافی(بن لەهجە) | مصشـ | مەصدەری داتاشراو |
| جمـ | جەمع | مفـ | مەفعول (اسم المفعول) |
| جمی | جەمعی | مک | موکریانی (بن لەهجە) |
| جنـ | جنوبی(لەهجە) | نا | ناو |
| حمصـ | حاصل مەصدەر | نتـ | ناوی تێکەڵاو |
| ریـ | ڕیشە | ند | دەنگە ناو |
| ز | زەمیر | نسـ | نیسبەت |
| زا | زازایی(بن لەهجە) | نمصـ | ناوی مەصدەر |
| ستـ | ئاوێستایی(زمان) | هسـ | هەڵی سەنگێنە |
| سنـ | سنەیی(بن لەهجە) | هلـ | هەولێری (بن لەهجە) |
| سیمـ | سلەیمانی(بن لەهجە) | هو | هەورامی (بن لەهجە) |
| شر | شێوەڕستە | * (ئەستێرە) | هاواتا |
| شنـ | شنۆیی(بن لەهجە) | : : | نمونە |
| صـ | صفەت | □ | شایەد |
| صتـ | صفەتی تێکەڵاو | // | دژ |
| صفا | صفەتی فاعیلی | • | ڕستەی ساز و ئامادە لە زمانی کوردیدا |

### ب – پوختەیەکی ئامانجی هەردوو فەرهەنگەکە:

- (**فەرهەنگی کوردستان**) وەک لە پێشەکییەکدا هاتووە، ئامانجی ئەوەیە، کە وشەی زۆربەی دیالێکت و شێوەزارەکانی زمانی کوردی کۆبکاتەوە.

-(**قامووسی زمانی کوردی**): ئامانجی خزمەتکردنی زمانی کوردی و زارەکانی زمانی کوردی و مێژووی فەرهەنگنووسی بووە. لە پێشەکی فەرهەنگەکەیەوە مێژووی زمانی کوردی خستۆتەڕوو.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**ج- قەبارەی هەردوو فەرهەنگەکە:**

– ئاماژەیان بە قەبارەی فەرهەنگەکەیان نەکردووە.

**د- بەکارهێنەرانی فەرهەنگەکە:**

– لە پێشەکی هەردوو فەرهەنگەکە ئاماژەیان بۆ ئەو توێژە نەکردووە، کە سوود لە فەرهەنگەکە ئەبینێت، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی دانراوە بۆ هەموو چین و توێژێک، واتە تایبەت نەکراوە بە بوارێک یان چینێک یان توێژێکی دیاریکراو.

**2- ناوەرۆکی پێشەکی هەردوو فەرهەنگەکە:**

**أ- ناساندنی زمانی کوردی:**

– پێشەکی (**فەرهەنگی کوردستان**) بایەخی بە ناساندن و ڕوونکردنەوە لە بارەی زمانی کوردییەوە نەداوە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی دیالێکت و شێوەزارەکانی لەخۆگرتبوو.

– (**قامووسی زمانی کوردی**) زمانی بەشێوەیەکی گشتی پێناسەکردووە و ئەڵێت: ((زمان دیاردەیەکی زیندووی کۆمەڵایەتییە، بەپێی قانوونی تایبەتی خۆی دەگۆڕێ، گەشەدەکات و پەرەدەسێنێ و لەم ڕەوتی تەکامولەی خۆیدا زمانانی تر کاری تێدەکەن و ئەویش کاریان تێدەکا و جاری واش هەڵدەکەوێ لەم ڕێگەیەدا دەمرێ)). (**عبدالرحمن محمد امین زەبیحی:1977: 34**). هەروەها بە تێروتەسەلی باسی لایەنەکانی تری زمانی کوردی و دیالێکتەکانی و شێوەزار و تایبەتمەندییەکانی کردووە. هەروەها ئاماژەی بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی و ڕێنووس و کاری فەرهەنگنووسی کردووە,

**ب- دەنگسازی**

**ج- مۆرفۆلۆژی**

**د- پێکهاتەیی**

**هـ- نووسراوەیی**

– (**فەرهەنگی کوردستان**) ئاماژەی بۆ ئەو خاڵانە سەرەوە نەکردووە لە پێشەکییەکەیدا.

– (**قامووسی زمانی کوردی**) لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی بۆ لایەنی دەنگ و ڕێنووس و فۆنیمەکان و شێوازی نووسین و ژمارەی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکانی زمانی کوردی و چۆنێتی پێکهێنانی دیالێکت و شێوەزار و جۆری نووسینی زمانی کوردی کردووە. هەروەها ئاماژەی بەلایەنی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی و زانیاری گشتگیری لە فەرهەنگەکەیدا کردووە.

**و- ڕیزکردنی دەروازەکان:**

– لە پێشەکی (**فەرهەنگی کوردستان**) ئاماژەی بەوە کردووە کە دەروازەکانی بەشێوەکی دروست ڕیزکراوە، کەچی پیت و چۆنێتی ڕیزبوونیانی دیارینەکردووە.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

– لە پێشەکی (**قاموسی زمانی کوردی**) ئاماژەی بەوە کردووە، کە بەپێی ئەلفوبێتەکەی کوردی، بەو جۆرەی کە وشەکانی ئەم قاموسەی پێ ڕێزکراوە، ئەویش وشەکانی ناو فەرهەنگەکەی داناوە، بەم شێوەیە:

ء [ا] ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش (ص)[1] ع غ ف ڤ ق ک گ ل ڵ م ن و [و= بۆر ] [ۆ ] [وو ] هـ [ه ، ــە = سەر] ی [ی = ژێر ] [ێ ] [ یی ] (**بڕوانە: عبدالرحمن محمد امین زەبیحی:1977: 110**).

## دووەم: دەروازەی هەردوو فەرهەنگەکە:

– لە (**فەرهەنگی کوردستان**)دا، دەروازە سەرەکییەکەی فەرهەنگەکە بە ڕەشێکی تۆخ نووسراوە و ئەو دەروازانەش بە ڕەشێکی کاڵ شرۆکراون.

–(**قاموسی زمانی کوردی**)ش بەهەمان شێوەی (فەرهەنگی کوردستان) نووسراوە.

### 1- ژمارەی دەروازەکان:

– دەروازەکانی (**فەرهەنگی کوردستان**) بریتییە لە زۆربەی وشەکانی زمانی کوردی و ژمارەی دەروازەکانی هەر پیتێکی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| پیت | لاپەڕە | ژمارەی لاپەڕەکانی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ئـ | 1 ـ 47 | 46 | %4.89 |
| ب | 47 ـ 136 | 89 | %9.46 |
| پ | 136 ـ 207 | 71 | %7.55 |
| ت | 207 ـ 272 | 65 | %6.91 |
| ج | 272 ـ 295 | 23 | %2.44 |
| چ | 295 ـ 341 | 46 | %4.89 |
| ح | 341 ـ 350 | 9 | %0.95 |
| خ | 350 ـ 392 | 42 | %4.46 |
| د | 392 ـ 474 | 82 | %8.72 |
| ر | 474 ـ 516 | 42 | %4.46 |
| ز | 516 ـ 546 | 30 | %3.19 |
| ژ | 546 ـ 553 | 7 | %0.74 |
| س | 553 ـ 617 | 64 | %6.80 |
| ش | 617 ـ 659 | 42 | %4.46 |
| ع | 659 ـ 662 | 3 | %0.31 |
| غ | 662 ـ 663 | 1 | %0.10 |
| ف | 663 ـ 678 | 15 | %1.59 |
| ڤ | 678 ـ 682 | 4 | %0.42 |

[1] – م. زەبیحی (ص)ی بە فۆنێم داناوە.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

| | | | |
|---|---|---|---|
| ق | 682 ـ 727 | 45 | %4.78 |
| ک | 727 ـ 804 | 77 | %8.19 |
| گ | 804 ـ 828 | 24 | %2.55 |
| ل | 828 ـ 844 | 16 | %1.70 |
| م | 844 ـ 868 | 24 | %2.55 |
| ن | 868 ـ 888 | 20 | %2.12 |
| و | 888 ـ 903 | 15 | %1.59 |
| هـ | 903 ـ 937 | 34 | %3.61 |
| ی | 937 ـ 940 | 3 | %0.31 |

لەم خشتەیەکدا دەرئەکەوێت، کە بەرزترین ڕێژەی سەدی دەروازەی پیتی (ب) لەخۆی گرتووە و (89) لاپەڕەی لە کۆی لاپەڕەکانی فەرهەنگەکە گرتووە، کە (940) لاپەڕەیە و ڕێژەکەشی بریتییە لە(46.9 %)، هەردوو پیتەکە واتە (ئـ و ب ) نزیکەی (2500ــ 3000) وشەیەک لەخۆئەگرن و کەمترین ڕێژەش پیتی (غ)ە کە تەنها خاوەنی یەک لاپەڕەیە و و ڕێژەکەشی (0.10 %)یە، کە ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێت دەنگی یان بڵێین پیتی (غ) بە یەکێک لە پیتەکانی زمانی کوردی دانەنرابێت، وەک خۆی لە دەروازەی ئەو پیتەدا ئاماژەی پێکردووە، کە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە. هەروەها ئەوەشی وتووە کە جیاوازی لەنێوان ( باغ، باغچە، غار، غاردان...) لە واتادا نییە و هەروەها لە نێوان (باخ، باخچە، خار، خاردان) چونکە لە نەژاددا بە (خ) ئەخوێنرێنەوە نەک بە (غ).(**بڕوانە:فەرهەنگی کوردستان:1999: 662**).

- (**قامووسی زمانی کوردی**) دوو بەرگە و هەر بەرگێکیشی پیتێکی لە خۆگرتووە، واتە پیتی (ئـ ) و (ب)، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| پیت | لاپەڕە | ژمارەی لاپەڕەکانی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ئـ | 1–244 | 244 | %9.91 |
| ب | 7–230 | 223 | %9.69 |
| تێکڕا | | | %100 |

ژمارەیەکی زۆر وشە لەخۆدەگرێت لە بەرگی یەکەم کە (ئـ)، لە لاپەڕە (1 – 246)ە و ژمارەی وشەکانی (1975 ـ 1990) وشە لەخۆدەگرێت، لە بەرگی دووەم کە تەرخانکراوە بۆ پیتی (ب) لە لاپەڕە (1 – 230)ە و ژمارەی وشەکانی (1985 ــ 1995) وشە لەخۆدەگرێت، (بەڵام ئەو وشانەی تێدا نییە، کە بە {ب+ (ی، ێ، یی) دەست پێدەکەن). (**ئەورحمانی حاجی مارف: 1985: 304**). لە ژماردنی فەرهەنگەکەدا بۆمان دەرکەوت کە ژمارەی ئەو وشانەی بە (ب) دەست پێدەکات زیاترە لەو وشانەی کە بە پیتی (ئـ) دەست پێدەکات، کەچی لەڕووی قەبارەوە پیتی (ئـ) قەبارەیەکی زیاتری لە پیتی (ب) گرتۆتەوە، ئەگەر سەیری (فەرهەنگی کوردستان) بکەین پیتی (ئـ) فەرهەنگی



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

کوردستان (46) لاپەڕەیە و پیتی (ب)ەکەی (89) لاپەڕەیە. (**گیوی موکریانی: 1999: 1- 47، 47- 136**). بەڵام تا ڕادەیەک ناکرێت بەراورد بکرێت بە هەردوو دەروازەی (ئـــ) و (ب)ی (**فەرهەنگی کوردستان**)، لەبەرئەوەی (**فەرهەنگی کوردستان**) تەرخانکراوە بۆهەموو دەروازەکان، فەرهەنگێکیش تەرخانکرابێت بۆ گشت دەروازەکان، ناکرێت بەراورد بکرێت بە فەرهەنگێک کە تایبەت کرابێت بە یەک دەروازە، وەک ئەوەی کە مامۆستا زەبیحی کردوویەتی، بێگومان چڕوپڕتر و ژمارەی لاپەڕەکان و تەنانەت ژمارەی وشەکانیشی زیاتر ئەبێت. هەروەها ئەوەی ژمارەی لاپەڕەکانی فەرهەنگەکەی مامۆستا زەبیحی زۆرترکردووە، ئەویە کە کاری ڕێزمانی هەمەلایەنەی تێداکردووە، کە لاپەڕەکانی تردا باس ئەکرێت، کەچی مامۆستا گیو موکریانی ئەو کارە ڕێزمانیانەی لە فەرهەنگەکەی خۆیدا نەکردووە.

## 2- هەڵبژاردنی دەروازەکان:

- (**فەرهەنگی کوردستان**) دەروازەی فەرهەنگەکەی لەو وشانەی کە لە زمانی کوردی و شێوەزارەکانییەوە هەڵبژاردووە.

- (**قامووسی زمانی کوردی**) بۆ دەروازەی فەرهەنگەکەی وشەکانی زمانی کوردی و شێوەزارەکانیش وەرگرتووە و هەروەها زاراوەی پزیشکی و مۆسیقی و سەربازی و هەروەها وشەی نوێ، کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و هەروەها وشە کۆنەکانیش.

## 3- جۆری دەروازەکان:

### أ- وشەکان:

- لە ناوەخنی (**فەرهەنگی کوردستان**) وشە هەیە ئاماژە بۆ کاری داخوازی ، هەشە ئاماژە بۆناو و وشە ئەرکییەکانی ئەکات وەک: ئامرازی پرسیار و سەرسووڕمان و پێشبەند و پەیوەندی...هتد، ئەکات.

- لە (**قامووسی زمانی کوردی**) ئاماژە بۆ فرمانی تێپەڕ و تێنەپەڕ و وشە ئەرکییەکان و هەموو جۆرەکانی تری وشە کراوە.... لە هەر دوو بەرگەکەیدا وشەکانی لە ڕووی ناو (ناوی تێکەڵاو) و کاری (تێپەڕ و تێنەپەڕ) و ئاوەڵناوەوە نووسیوە.

### ب- یەکە مۆرفۆلۆژییەکان:

(**فەرهەنگی کوردستان**) ئەو یەکە مۆرفۆلۆژییانەی تێدانییە، کە دەربڕین لە فرمان و جۆرەکانی ئەکات، وەک ڕابردوو و ڕانەبردوو و تێپەڕ و تێنەپەڕ، هەروەها جۆرەکانی ناویشی پشت گوێ خستبوو.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

- (**قامووسی زمانی کوردی**) ئاماژەی بۆ ئەو یەکە مۆرفۆلۆژییانە کردووە، لە ڕووی پێشگر و ناوبەند و پاشگرەوە، بەڵام ئاماژەی بە کاری (ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی)ی نەکردووە. فرمانی تێپەڕ و تێنەپەڕی جیا کردۆتەوە و ئاماژەی بۆ ناو کردووە و بەڵام جۆرەکانی دیاری نەکردووە، هەروەها ئاماژەی بۆ بەشەکانی ئاخاوتنی تریش کردووە، لە ئاوەڵناو و ژمارە و ئاوەڵکردار و چاوگی سادە و ناسادە و ئامرازەکانیش.

**ج – ئیدیۆم(التعبیرات الاصطلاحیة ):**

ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا سێ شێوە لەخۆئەگرێت، کە ئەمانەن:

لێکدراو، دەستەواژە ، ڕستە.

1- **لێکدراو**، وەک (چڵکاوخۆر، چاوچنۆک...).

2- **دەستەواژە**، وەک: ( دانی مار، داری وا وەیلا...).

3- **ڕستە**، وەک: (تاڵی و سوێری زۆر چەشتووە، پارووی گەورە دەکێڵێنێت...).(**بڕوانە: شیلان عومەر علی:2009: 32-31**).

- (**فەرهەنگی کوردستان**) وەک هەر فەرهەنگەکانی تر بایەخێکی زۆری بەو داوە، لەوانەش: (بازارگەرم، بازاڕ تیژ...)(**بڕوانە: فەرهەنگی کوردستان:1999: 54**)، هەروەها (دەست سپی: بریتییە لە کەسێک کە کار و پیشەی یا کردارێکی وا نەزانێ خۆیانی پێ بژێنێ ...)(هەمان سەرچاوە:428)، یان (بوخچەی نەکراوە: پیاوێکە هەر کوڕ بێ و هێشتا ژنی نەهێنابێت..)(**هەمان سەرچاوە: 119**).

-(**قامووسی زمانی کوردی**) بایەخێکی زۆرزۆری بە ئیدیۆم و جۆرەکانی داوە و هەروەها پەند و قسەی نەستەقی کوردی پانتاییەکی زۆری لە فەرهەنگەکەی گرتۆتەوە، کە ئەمانە هەندێکیانەن:

((تەبەکی پڕ ئاشتی ماڵییە)): تێری و تەسەلی بەری شەڕ و شۆڕ دەگرێ. (**هەمان سەرچاوە: 35**).

((لە هەموو دێزەیەکا ئەسکوێیە)): خۆی لە هەموو ئیشێک هەڵدەقورتێنێ.

زۆربێ و بۆربێ: چەندێتی مەبەستی چۆنێتی هەرچی بێ هەر باشە.

بەرماڵی لەسەر ئاو دەگەڕێ: پیاوی چاک و موسڵمانە، دەست و دڵی پاکە

**سێیەم: ڕیزکردنی دەروازەکانی هەردوو فەرهەنگەکە:**

1- **ڕیکخستنی دەرەوەی:**

هەردوو فەرهەنگەکە (**فەرهەنگی کوردستان**) و (**قامووسی زمانی کوردی**) بەپێی ڕیزبەندی گۆکردن و گۆکردنی وشەکە ڕیزکردووە، کە ڕەچاوی ئەلفبائی فەرهەنگیان کردووە.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

(**فەرهەنگی کوردستان**) ڕەچاوی پیتی عەرەبی کردووە بۆ ڕیزکردنی دەروازەکانی دەرەوەی فەرهەنگەکەی بەمشێوەیە: ( ئـ - ب – پ – ت – ج – چ – ح – خ – د – ر- ز- ژ – س – ش – ع – غ – ف – ڤ – ق – ک – ل – م – ن – و – ه – ی )(**بڕوانە: فەرهەنگی کوردستان:1999: پێشەکی)**.

کەچی فەرهەنگی (قاموسی زمانی کوردی) بەهەمان شێوە دەروازەکانی دەرەوەی فەرهەنگەکەی بەهەمان شێوە ڕیزکردووە: ( ئـ , ب ..) بەڵام تەنها هەر ئەم دوو پیتەی لێ تەواوکرد...

**2- ڕێکخستنی ناوەوەی:**

هەردوو فەرهەنگەکە، دەروازەکانی ناوەوەی فەرهەنگەکانیان بەپێی ئەلفبائی زمانی ڕیزکردووە، بەمشێوەیە:

(ئـ ـا- ب – پ – ت – ج – چ – ح – خ – د – ر-ـ ڕ- زـ- ژ – س – ش – ع – غ – ف – ڤ – ق – ک – ل – ڵ– م – ن – و – ه – ی -ـ ۆ- و- وو- ە- ێ- ی ).

## چوارەم: زانیارییە سەرەکییەکانی ناو فەرهەنگ:

### 1- زانیاری لەبارەی دەنگسازییەوە:

- (**فەرهەنگی کوردستان**) لە دەروازەکانیدا بایەخی بەو زانیاریانە نەداوە، کە تایبەتن بە بواری فۆنەتیکی وەک: ( چۆنێتی گۆکردنی دەنگەکان و تایبەتمەندییەکانی و هێز و ئاواز و بڕگە و یاسا فۆنۆلۆژییەکانی وەک دەنگەگۆڕکێ و جێگۆڕکی و گونجان و نەگونجان و تێچوون و پەیدابوون و توانەوە ...) تەنها ئەوە نەبێت، کە ئەڵێ دەنگی (ڵ) لەهەندێ ناوچەدا ئەگۆڕدرێ بۆ ( ر ) و لە هەندێ شوێنی تریش ئەگۆڕدرێت بۆ (ل).(**بڕوانە: فەرهەنگی کوردستان: 828**).

- (**قاموسی زمانی کوردی**) ئاماژەی بۆ (هێز و بڕگە) نەکردووە، ئاماژەی بۆ هەندێ لە یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی کردووە، بەڵام بێ ئەوەی ناو یاسا دیاری بکات، بەڵکو لەڕێی نموونەوەی پراکتیکییەوە ئاماژەی پێکردووە، کە ئەڵێت: ((لە ئاوەڵناوی (بەدفەڕ)دا دەنگی (د) لەم وشەیەدا بە دراوسێتی دەنگی (ف) دەگۆڕێت و و بەتەواوی وەکو دەنگی (ت) لە دەم دەردەچێت، لە وشەی (بەدفەڕی و بەدفەساڵ)یشدا هەروایە...). (**عبدالرحمن زەبیحی:1979: 145**). هەروەها ئەڵێت، (گۆڕانی پیتێک لە چەند وشەیەکدا کە لە زمانی کوردیدا هەیە و هەمان مانایان دەبێت، کە زۆربەیان هاوواتان وەک:

ئەسپەناخ – ئەسپەناغ . ل140

باخەوان – باغەوان . ل15

ئاسمان – عاسمان . ل29 ).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

به شێوەیەكی گشتی زانیاری فۆنەتیكی لە فەرهەنگە كوردییەكاندا بایەخێكی زۆری پێنەدراوە، لەبەرئەوەی هەندێ لەوانەی كە كاری فەرهەنگنووسیان یان فەرهەنگیان داناوە، شارەزاییەكی زۆریان لەبواری كاری فۆنەتیكی و فۆنۆلۆژی نەبووە، یان هۆكارەكەی ئەوەبووە، كە خزمەتی بواری فەرهەنگنووسی ناكات.

## 2- زانیاری لەبارەی مۆرفۆلۆژییەوە:

### أ- بایەخدان بە پێكهاتە زمانییەكان و ڕچاوكردنی وشە ئەركییەكان:

**(فەرهەنگی كوردستان)** بایەخی بە واتا و پێكهاتەی وشەكان داوە، وەك:

( سووێ: تەماشا، دلۆیستن، حەیف، سوو، جەفار، جحار، پەرۆش، داخ، حەجمەت، خەم، هەژمەت، تاوان، بەزەیی، خەفەت، ئێش، ئازار...ئەم پرسە بە سوویێە، بە ئازارە....)(**بڕوانە: فەرهەنگی كوردستان:607**).یان كە ئاماژەی بۆ وشەی ئەركی (ئەگینا/ دەنا) ئەكا و ئەڵێت: (ئەگینا/دەنا وشەیێكە لە نێوان دوو ڕستاندا بەكاردێنرێ وا دیار دەكات، كە ڕستەی دووەم ڕستەی یەكەم ڕوون دەكاتەوە، وەكو: تۆ ئەم ڕۆژنامەیە بخوێنەوە، دەنا/ئەگینا من خۆم دەیخوێنمەوە...) (**بڕوانە: فەرهەنگی كوردستان:304**).یان كە ئەڵێ (خۆێ: كەسی سێیەمی تاكە، كەسێكە نادیارە...) (**بڕوانە: فەرهەنگی كوردستان:378**). هەروەها ئاماژەی بۆ كەرەسە و وشەی ئەركی تری وەك ئامرازی پرسیار و سەرسووڕمان و بانگكردن و پێشبەند و جێناو وناو...كردووە، لەوانەش: (چلۆن، كوو، چەوا، چاڤ، چاڤا، چەنێ / بۆچی، ئەدی، بۆچ، ئەی، چكەس، كێیە، ئایا، چما، چ ...) (**بڕوانە: فەرهەنگی كوردستان:378، 332، 761، 799، 844، 404...**).

بۆ پێشبەندیش یان هەندێ پێی ئەڵێ ئامرازی پەیوەندی ئەمانەی داناوە: (تا، هەرتا، تاكە، هەتا، واد، هەتاكوو، تالی، واكوو....) (**بڕوانە: فەرهەنگی كوردستان:207**).

بۆ ئامرازی سەرسووڕمانیش ئەمانەی داناوە، وەك: (ما، ها، ئاها، توخوا، بەڕاستیتە، ئەها، پیاو لە كاتی واق وڕمانیدا بەكاری دەبا) (**بڕوانە: فەرهەنگی كوردستان:341**).

بۆ وشەی مەرجیش ئەمانەی ناوهێناوو، (خۆزگە، بریا، بری، خۆزێ، خۆزیا، كاشكی...) (**بڕوانە: فەرهەنگی كوردستان:375**).

بۆ بانگكردنیش ئەمانەی ناوهێناوە، (ئایا، ئەرێ، ئارا...) (**بڕوانە: فەرهەنگی كوردستان:3**).

هەروەها ناوی جێناوە سەربەخۆكانی هێناوە وەك، (تۆ، ئێوە، من، ئێمە، ئەوان) (**بڕوانە: فەرهەنگی كوردستان:249، ، 861،45،39**).و لە جێناوە لكاوەكانیش ناوی ئەمانەی هێناوە، (تان، تی، م، ڤا) (**بڕوانە: فەرهەنگی كوردستان:214، 268، 844، 678**). بەڵام لەم فەرهەنگەدا كاری مۆرفۆلۆژی تێنەكراوە، واتە وشەكان لە ڕووی مۆرفیمیەوە یان لە ڕووی پێكهێنانەوە لەیەك جیانەكراوەتەوە.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

کەچی لە (**قامووسی زمانی کوردی**) زەبیحیدا کاری مۆرفۆلۆژی زۆری تێدا کراوە و وشەکان لەڕووی مۆرفیمییەوە یان لەڕووی پێکهاتنەوە لەیەک جیاکراونەتەوە و هەر کەسێک بە ئاسانی ئەزانێ کە ئەو وشەیە لە چەند یەکە پێکهاتووە، بۆ نموونە: (ئالووبالوو= ئالوو + بالوو ل62 / ئاین و ئۆین= ئاین + ئۆین ل106 / ئەلماسە = ئەلماس + ە ل169/ ئیستخدام کردن= استخدام + کردن ل205....) هەروەها (دابڕان = دا + بڕان ل79/ بال بەستن= بال + بەستن ل49/ بالابەرزە = بالابەرز + ە ل48....). زەبیحی نەک هەر ناوی داڕێژراو و لێکدراو بگرە ئەو فرێزانەشی ناو هێناوە کە لە فەرهەنگدا ئەبێت وەک وشە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و لە کاری فەرهەنگنووسیشدا ئەبێ لەناو فەرهەنگدا جێیان بۆ بکرێتەوە، وەک (بەرگی سەفەر، بەرخی نێر، بەشی خوا...)(**عبدالرحمن زەبیحی:1977، 8، 34، 74، 147، 214**). وشەدارشتن بە ڕێگای سینتاکسی، یەکێکە لەو ڕێگا ئەکتیڤ و چالاک و بە پێز و بەرهەمانەی کە لە گەشەکردن و پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، شوێن پەنجەی بە ڕوون و ئاشکرا، دیارە. بەم ڕێگایە، چەندین پێکهاتەی سینتاکسیی سازێنراوی پێشوو بەرهەمهێنراونەتەوە لە زمانی کوردیدا، چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە، ئەو فرێزانە بەگشتی لە چوارچێوەی سینتاکسدا، ناویان هێنراوە، هەر بەچاوی کەرەسەی ئەمڕۆش، دوور لە مێژوو، سەیریان کراوە دەستیان بۆ براوە. (**فاروق عمر سديق: 2013: 121**). هەروەها ئاماژەی بۆ هەموو بەشەکانی ئاخاوتن کردووە، چ وەک وشە سەربەخۆکان و چ وەک وشە ئەرکییەکانەوە..(**بڕوانە: شکۆفە حسێن محمد صالح: 2017: 57-64**).

## ب- دیاریکردنی جۆری وشەکان، لەڕووی:

### 1- نێر و مێ:

لە (**فەرهەنگی کوردستان**) ئاماژە بە هەندێ وشە کراوە، کە ئاماژەیە بۆ نێر و مێ و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هەندێ لەو دەربڕینانە لە فەرهەنگەکەدا بەکارهاتووە، لەوانەش (نێر و مێ) و (ژن و پیاو) و (بۆ کچان) و (بۆ کوڕ و کچ)، هەندێ زاراوە و وشەی تایبەتی بەکارهێناوە کە بۆ ژن یان بۆ مێ ئەبێت، وەک (دەستەخوشک: هاواڵ / بۆ کچان بەکاردێت ..

لە هەر دوو بەرگی(**قامووسی زمانی کوردی**) ئاماژە بە (نێر و مێ) نەکراوە کە وشەیەک تایبەت بێت بەنێر و مێ، تەنیا لە دەستەواژەی (بابانت خراپ بێ) نزایە و (بابانت شێوێ) تەنیا لە ناو ژناندا باوە، ئاماژە بەو جۆرە وشە و دەستەواژانە کراوە، کە دەربڕین لە شێوەئاخاوتنی ژنان یان پیاوان ئەکات.(**بڕوانە: عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 10**).

### 2- کۆ:

- لە (**فەرهەنگی کوردستان**)دا هیچ وشە و کەرەسە و هێمایەک نییە، کە ئاماژە بۆ کۆ بکات.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

– لە (**قامووسی زمانی کوردی**)دا ئاماژەی بە ناوی کۆ و تاک نەکردووە، بەڵام ئاماژەی بەو ئامرازانە کردووە کە بۆ (کۆ) بەکاردێن. بۆ نموونە وەک:

(ئامرازێکی تریش کە دەبێتە پاشگر، ئەویش ئامرازی (ئان)ە کە پاشگری کۆیە بۆ ناوان. بۆ نموونە: (کوردان، عەجەمان، چاوانی دەردێنم). هەروەها وشەیەک پاشگری (ەکە)ی هەبێت، کاتێک پاشگری (ەکە) لابەین و پاشگری (ان)ی کۆمان خستەسەری دەبێتە وشەیەکی کۆ، بۆ نموونە: چرا_ چراکە_ چراکان. منداڵە زیرەکەکان). (**هەمان سەرچاوە: 163**).

ڕاناوی کۆ (ئەمان)مان هەیە کە تەنیا بۆ مرۆڤ بەکاردێت. بۆ نموونە: (نەخێر ئوتۆمۆبیل وەستاو لە دەرگای ئەمانیشیاندا...)، لە ڕێی ئامرازی (ئات)ەوە کە ئامرازێکی کۆیە و بە دوای ناوەوە دەلکێت، وەک: ترشیات، دێهات، شامات، شیرینیات، عێلات، کێوات، ماڵات، میوەجات. (**هەمان سەرچاوە: 4**).

### 3- ناسیاوی و نەناسیاوی:

– (**فەرهەنگی کوردستان**) ئاماژەی بۆ ناوی ناسیاوی و نەناسیاوی نەکردووە.

–(**قامووسی زمانی کوردی**) هیچ هێمایەکی بۆ ناوی ناسیاوی و نەناسیاوی دانەناوە و لە ناو وشەکاندا ئاماژەی بۆ نەکردووە، بەڵام لەناو نموونەکاندا نووسیویەتی:

(ئەکە) پاشگری ناوی نەناسراو (نکرە)ەوە دەنووسێ و دەیکا بە ناسراو (معرفە).

بۆ نموونە:(کوڕەکە، منداڵەکە، پیاوەکە، تەشوێیەکە، پیاوە ئازایەکە). (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 163**).

(ئێ) پاشگری نەناسیاوییە ئەو شتەیە. وەک: ئەسپێ (یەک ئەسپ)، کوڕێ (یەک کوڕ). (**هەمان سەرچاوە: 1977: 229**).

### ج- دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن لە دەروازەکەدا:

– دەربارەی بەشەکانی ئاخاوتن (**فەرهەنگی کوردستان**) زۆر بە بڵاوی باسی نەکردووە، بەڵکو جارجار ئاماژەی بە هەندێکیان کردووە، بۆ نموونە:

لە وشەی (شیرین) و (ڕۆستەم)دا ئەڵێت: شیرین: (ناوی ئافرەتانەل656) و (ڕۆستەم) (ناوی نێرینەیە ل501).

هەر لەبارەی (**فرمان**)ەکانەوەش، ئاماژەی بە تێپەڕی و تێنەپەڕی فرمانەکان نەکردووە. هەروەها ئاوەڵناوەکانیش دیاری نەکردووە و بگرە بەشەکانی ئاخاوتنی تریش ...

– (**قامووسی زمانی کوردی**) ئاماژەی بۆ هەموو بەشەکانی ئاخاوتن کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە بەشە ئاخاوتنی (**ناو**)دا باسی کردووە، بەڵام ئاماژەی بۆ جۆرەکانی ناو نەکردووە، وەک ناوی (گشتی و کۆمەڵ و تایبەت و بەرجەستە و نابەرجەستە...) بەڵام ئاماژەی بۆ ناوی ناسادە کردووە.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

لە (**ئاوەڵناو**)دا ئاوەڵناوەکانی دیاری کردووە و جۆری ئاوەڵناوەکانیشی دارشتووە. ئاوەڵناوەکان دەبێتە چەند بەشێکەوە وەک ئاوەڵناوە لێکدراو و دارێژراو و ئاوەڵناوی بکەری و ئاوەڵناوی بەرکاری. بۆ نموونە: ( ئازا: بەجەرگ و نەترس دێت / بازاڕی: کاڵای خراپ / ئالۆز: حاڵەتی تێکهاڵاوی یان بزۆک. هەروەها هەندێ لەو نموونانە: (بەرچاوتەنگ، ئاسودە، باڵشکاو...)

بەهۆی پاشگری (تر و ترین)ەوە دەتوانین پلەکانی ئاوەڵناو بەراوردوو باڵا دیاری بکرێت بۆ نموونە: (باش ــ باشتر ــ باشترین...هتد).(**عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 40**).

لە (جێناو)دا لە هەردوو بەرگی فەرهەنگەکەدا جێناوەکانی دیاری کردووە. وەک:

(ئو) جێناوی نەپچڕاوی (ملکی)یە، بۆ دووەم کەسی کۆ بەکاردێت. نموونە: ماڵو و خرا نەبێ. چۆنوو توانی هەڵیگرن. هەروەها جێناوی نەپچڕاوەی کەسی دووەم کەسی کۆیە لە کاتی ڕابردوودا بۆ نموونە: خواردووا؟ بۆ چی سووتاندوو؟ ئەم جێناوە هاوواتایە لەگەڵ (تان).

لە (**ژمارە**)دا بەشێوەیەکی سەربەخۆ و دیار ئاماژەی بە ژمارە نەکردووە و ڕوونکردنەوەی لەسەر ژمارە نەداوە. تەنها بە نموونە لە چەند ڕستەیەکدا نووسیویەتی. وەک: لە پاشگری (ەکی)دا کە بە ناوی لێکدراوەوە دەلکێت. نموونە دوو پشتەکی، سێ جرتەکی، چوار مەردەکی، پێنج خشتەکی. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 164**). بەنموونە لە وشەی (ئەنقەست)دا ژمارە هاتووە. وەک: دوو سەعاتە لەوێ چەقیوە بەئەنقەست ناڕوا. (هەمان سەرچاوە:181). لە ئاوەڵناوی (بزر) زەبیحی نموونەی هێناوەتەوە بە ژمارە. دوو سێ ڕۆژێکە جوامێر بزرە. (**هەمان سەرچاوە: 1979: 85**). ئیمڕۆ بایی نیوو دینار هەر ماستیان کڕیوە. (**هەمان سەرچاوە: 9**). ڕەزی مەلا قادری سیتەک هەزار بنەمێو دەبوو. (**هەمان سەرچاوە: 106**).

لە (**چاوگ**)دا زەبیحی لەبەرئەوەی دوو بەرگی (و) و (ب) لە فەرهەنگەکە تەواو کردووە. لەبەرئەوە نەیتوانیوە بۆ هەموو پێشگرەکان نموونە بهێنێتەوە. تەنها ئەوەی بەردەستە لەم دوو بەرگەدا. بۆ نموونە: هەڵبژاردن، هەڵبڕین، هەڵبەزین، تێبڕین، دابڕین، پێبڕان، لێ بەستن ....هتد. کەچی ئاماژەی بە جۆری تێپەڕی و تێنەپەڕی چاوگەکان کردووە و هەروەها ئاماژەشی بە چاوگی سادە و دارێژراو و لێکدراو کردووە.

لە (**ئاوەڵکردار**)دا ئاوەڵکردارەکانی دیاری نەکردووە یان ڕەمزێکی بۆ دانەناوە کەجیاییکاتەوە، بەڵام بەهۆی وشەکانەوە کاتێک خراوەتە ناو ڕستەوە ئەوەی دیاریکردووە، بۆ نموونە: بۆ بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵکردار بە زۆری دوو دەستە وشە بەدی دەکەین. دەستەی یەکەم وشەی وەک: (ئێستا، ئەمڕۆ، دوێنێ، سبەینێ، پار، ئێرە، لەوێ، لەژێر، لەسەر ...). دەستەی دووەم وەک: (خێرا، هێدی، باش، خراپ، زۆر، فرە ...). (**ئەورحمانی حاجی مارف:2014:**



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**121**). زەبیحی زۆربەی ئەو دوو دەستەیەی خستۆتە ناو ڕستەوە. بۆ نموونە: نەخۆشەکەتان ئەمڕۆ چۆنە؟ (**عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 41**).

(**پێشبەند**) لەلای زەبیحی نیشانەی (پێب) بۆ داناوە. هەندێک جار بە پریپۆزشن دەوترێت پێشناو.پریپۆزشن لە زمانی کوردیدا بریتین لە (بۆ، لە، تا، ە، وەک، بێ،بە). پێشبەندەکان دەکەونە پێش ناو، یان جێناو یان ئاوەڵناوەوە بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەو وشانە لەگەڵ وشەکانی دیکەی هەمان ڕستەدا. پێشبەندەکان لە هەر دوو ئاستی زمانی (مۆرفۆلۆژی وسینتاکس)دا دەوری گرنگ لە پێکەوە گرێدانی بەشەکانی ڕستەدا دەبینن. بۆ نموونە:

(بۆ) وەک: ئەم قاموسەم بۆ کوردان نووسیوە.

(تا) وەک: تا ڕۆژ سۆبەمان داگیرساند گەرممان نەدەهاتەوە.

(لە) وەک: چاوی پڕبوو لە ئاو.

(تا) وەک: تا بنەبانی ئەشکەوتەکە چووین.

(بێ) وەک: بێ قەزابی ئێجگار واش نا.

(بە) وەک: بە ئومێدی تۆ خودایە.

ئەو نموونانەی سەرەوە نموونەی ناو فەرهەنگی (**قاموسی زمانی کوردی**) زەبیحییە.

بۆ(**ئامرازی پێوەندی**) لە نموونەکاندا ئاماژەی پێکردووە، وەک:

ئێوە بڕۆن منیش دێم. ل 242.

منداڵینە بچن بۆ خۆتان یاری بکەن بەڵام جلەکانتان پیس نەکەن. ل 212.

تۆ ئێستا بچۆ بەڵکو لەوێ بێ. ل 213.

بۆ (**ئامرازی بانگکردن و سەرسووڕمان**) بە ڕوونکردنەوەی لە ڕستەکاندا ئاماژەی پێکردووە، وەک: (ئە)ی ئامرازی بانکردنە و لە دوای ناو دێت و لەگەڵ دوایەمین پیتی تێکدەکرێتەوە. بۆ نموونە: دا وەرە کوڕە!. هۆ مامەکە بەجێم مەیەڵە.

دیاریکردنی ئامرازی (بەهبەە) سەرسوڕمان و ناڕەزایەتی و ناخۆشی بەکاردێت. نموونە: بەهبەە! وەڵڵا بابە تەواومان کرد. (**هەمان سەرچاوە: 1979: 223**).

ناوی دەنگی (ئای)یش بۆ سەرسوڕمانێکی زۆر بەکاردێت. نموونە: ئای ئای!! خۆلێشم مۆر دەبێتەوە.

**ئامرازی بانگهێشتن** بۆ ڕوونکردنە هەموو جۆرە بانگکراوێک، چ ئادەمیزاد، چ غەیری ئادەمیزاد، چ ناوی مەعنەوی... بێت، بەکاردەبرێت وەک: (ئەی، هۆ، هی، یا...). (**ئەورەحمانی حاجی مارف: 2014: 11**). (ئەی) ئامرازی بانگهێشتنە. بۆ نموونە: ((ئەی بلبولی بێدانە من و تۆ...)). (**عبدالرحمن زەبیحی:1977: 195**).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

بۆ (**پارتیکڵ**) لە هەردوو بەرگەکەیدا لەناو ڕستەکاندا ئاماژەی پێکردووە، وەک:

(جا، ئەمجا، سا، ...هتد). دەگرێتەوە. بە تەنها هیچ مانایەک نادەن بەدەستەوە، بەڵکو لە ڕستەدا بوونیان دیاریدەکرێت. بۆ نموونە (ئەمجا) لە هۆنراوەیەکی پیرەمێرد بۆمان ڕوون دەکاتەوە بۆ نموونە: ((ئەمجا دەچوویتە شارەوە ناو ماڵی عاسیمە)).(**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 170**).

لە وشەی (**ئەگەرێکو**) هاوواتای ئەگەرکو لە ڕستەکەدا جا باشە ئەگەرێکو لەوێ نەبوو چیبکەین.

(با) وەک: با ئەو بچۆڵەیە بەردەستی چێشتکەرەکە بێ.

(جا) وەک: جا ئەوە چیە؟ هەر ئاو خواردنەوەیە.

## 3- زانیاری واتایی:

- دەروازەکانی (**فەرهەنگی کوردستان**) زانیارییە واتاییەکانی لەخۆگرتووە، لە کاتی ناساندن و ڕوونکردنەوەی دەروازەکانیدا، لەوانەش: (دژواتا، هاوواتا، سیاق ، دەستەواژە).

- دەروازەکانی (**قامووسی زمانی کوردی**) بایەخێکی زۆری بە بوارە واتاییەکان داوە و لە ڕوونکردنەوەی دەروازەکانیدا ئاماژەی پێیان کردووە، لەوانەش ( دژواتا، هاوواتا، هاودەنگ/هاوبێژ، فرەواتا ) نموونەی زۆریش بۆ هێناوەتەوە .

## 4- زانیاری لە بارەی بەکارهێنان و شێوازەوە:

### أ- کۆنی و نوێیی وشە:

- لە (**فەرهەنگی کوردستان**)دا، ئاماژەی بۆ کۆنی و نوێیی وشەکان نەکردووە. بۆ ئەوەش فەرهەنگساز ئەبێت لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا ئاماژە بەوەبکات، کە وشەی کۆن و نوێی لەخۆگرتوە، یان نا.

- لە (**قامووسی زمانی کوردی**)ش ئاماژە بۆ کۆنی و نوێی وشەکان نەکراوە، تەنها ئەوە نەبێت هەندێ نموونەی هێناوەتەوە، کە ئاماژەی بۆ مێژووە کۆنەکەی کردووە، بە وێنە لە بارەی وشەی (**ئاسن**)ەوە ئەڵێ: (مەعدەنێکی کەوە ڕەنگە لە زۆر پیشەسازیەکانی ئەم زەمانەدا لەکاردەکرێ، مرۆڤ لە زۆر کۆنەوە (3000 ساڵ پێش عیسا، لە ئوور جنوبی عێراق) ئاسنی ناسیوە و دۆزینەوەی کاری گەورەی کردۆتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانێتی و بەرەو پێشی بردوە. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 30**).

### ب- دەگمەنی و بڵاوی وشە:

- (**فەرهەنگی کوردستان**) هیچ هێما و ڕەمزێکی بۆ دەگمەنی و بڵاوی وشەکان دانەناوە.

- (**قامووسی زمانی کوردی**)ش هیچ هێما و ڕەمز و باسێکی بۆ دەگمەنی و بڵاوی وشەکان دانەناوە.

### ج- ڕێژەی بەکارهێنان:



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

– (**فەرهەنگی کوردستان**) ئەو وشانەی دیاریکردووە، کە بۆ توێژێکی تایبەت بەکاردێت، بۆ نموونە ئەو وشانەی تایبەتن بە منداڵ و یارییەکانیان، وەک (بڤ): (بڤە،وشەیەکە بۆ ترساندنی منداڵان بەکاردەبرێ تا دەست لە ئاوروچتی پیس نەدەن)(**بڕوانە: فەرهەنگی کوردستان:110**)، لەو وشانەی بۆ یاری منداڵانە بەکاریهێناوە، وشەی (باڕیسە): (فڕفڕۆکەی منداڵانەیە، کە با دەیخوولێنێتەوە)(**بڕوانە: فەرهەنگی کوردستان:110**).

– لە (**قامووسی زمانی کوردی**) ئەو وشانە دیاریکراوە کە بۆ توێژی جیا بەکاردێت. وەک:

(**بڤە**) وشەیەکە منالّی ساوای زمان پشکوتوو دەیلّێ و گەورەی پێ لە ژان و ئێشی جێگایەکی لەشی ئاگادار دەکا، گەورە بە منالّی دەلّێن بۆ مەنع کردنی لە کارێک. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 93**).

(بەبە) مندالّی ساوا ...ئەم وشەیە لە زمانی مندالّەوە هاتوە کە بە هاوچەشنێکی خۆی دەلّی و گەورەش وەری گرتوە و بە مندالّی دەلّێتەوە و بۆ لاواندنەوە و ژێرکردنیش بەکاری دێنێ. (**هەمان سەرچاوە: 135**).

هەروەها یاری منداڵان وەک: (**بازڵێن**) یارییەکی منداڵانەیە لە کوردەواریدا زیاتر کچۆڵە دەیکەن. ئەم یارییە بەچەند کەسانێک دەکرێ، هەر یەکەیان سێ یا پێنج پارچە زیخی پان دێنێ و پاش ئەوەی بە (لێکداهێنان) یا (تەڕویشککردن) دیاری دەکەن کێ لە پێش هەمووان‌دا یاری دەکات... (**هەمان سەرچاوە: 36**).

## د- ڕێپێدان و ڕێپێنەدانی بەکارهێنانی وشە(تابۆکان):

– لە (**فەرهەنگی کوردستان**) هەندێ لەو وشانەی کە ئەچنە خانەی وشە تابۆکان، هەندێ لەو وشانە ناویان هاتووە، بێ ئەوەی ئاماژەیان بۆ بکات، لەوانەش: (بەچەوان، تیلک، سەگباب، سەربەسەرە، کوسکەش)( **بڕوانە: فەرهەنگی کوردستان: 66، 271، 581، 566، 789**).

– (**قامووسی زمانی کوردی**) ئاماژەی بۆ وشە تابۆکان کردووەتەوە و ڕوونیشی کردۆتەوە، لەوانەش:

(**باتو**) گونی ئادەمیزاد. بۆ نموونە: ئەو مندالّە باتوی ئاوساوە. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 14**).

(**بان**) لەم وشەیە ڕستەی سازکراوی هێناوەتەوە. بەسەر دەبانێ، بە قوون نابانێ. (**هەمان سەرچاوە: 53**).

(**باکردن**) ئەم کارە ئاوسانی زگی ئادەمیزاد لە ئەنجامی خواردنی هەندێ خواردنی هەندێ خواردەمەنی کە زگ دەئاوسێنن وەکو بامێ و پیواز و ...یا هەر لەبەر زۆر خواردن و خواردنەوە. (**هەمان سەرچاوە: 44**).

لە کاری (**بەردان**) فرەواتای 3ـ ترکەندن هاتووە. بۆ نموونە: هەر مندالّەکە کە یەکێکی بەردەدا و دایکی چەپۆکێکی پێدادەدا. (**هەمان سەرچاوە: 161**).

(**بزپێوەکردن**) وەکو کار پەنجە لە پاشەڵی کەسێ ڕاکردن، بۆ تورە کردن یا گاڵتە پێکردن. (**هەمان سەرچاوە: 85**).

(**ئاوهاتنەوە**) هاتنەدەری (مەنی) لە ئامرازی نێرینەی ئادەمیزاد و هەندێ گیانداری تر، لەکاتی جوتبوونی نێرینە و مێینە یان بە هەر شێوەیەکی دیکە. (**هەمان سەرچاوە: 1977: 94**).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**هـ- زانیاری لەبارەی ئاست و ڕۆشنبیری خەڵک:**

– (**فەرهەنگی کوردستان**) ئاماژەی بەو جۆرە زانیاریانە نەکردووە، لەبارەی ئەو وشانەی کە تایبەتن بە جۆرێکی تایبەتی خەڵک و بۆ ئاستێکی بەرز بەکاربێت، کە ئایا ئەو وشەیە پەتییە، یان گشتییە، یان زانستیی، یان ئەدەبییە، یان تایبەتە بە بواری فیزیا یان گەردوون، یان یاسا...

–(**قامووسی زمانی کوردی**) زانیاری لە بارەی پێگەی ئاستی خەڵکی و ڕۆشنبیریان نەداوە، بەڵام لە چەند وشەیەک نەبێت ئاماژەی بە هەندێک لەوانە کردووە، بۆ نموونە:

(ئەنیکە) هەر شتێکە کۆن ... زەبیحی ئاماژەی بەوە کردووە کە کەم لە کاردەکرێ و خەڵکی لادێ و نەخوێندەوار هەر (عەنتیکە) دەڵێن. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 176**)

(ئەهلی ئیمان) خوا پەرستن، ئیماندارن. (**هەمان سەرچاوە: 193**).

(ئەهلی بازاڕ) ئەوانەی لە بازاڕ کاسبی دەکەن، بازگان و دوکاندار و ... (**هەمان سەرچاوە: 193**).

(ئەهلی تەقوا) ئەو کەسەی ملکەچی فەرمانی خوایە، ئەوەی لە کار و کردەوەی پێچەوانەی ئامۆژگاری دین خۆی دەپارێزێ. (**هەمان سەرچاوە: 193**). زەبیحی ئەو کەسانەی دیاریکردووە کە لە کارەکانیاندا پیشەی جیاواز دەکەن.

ناوی (**بانو**) ژنی گەورە پیاوان، ژنی بەڕێز و لە خانەدانی گەورە. (**هەمان سەرچاوە: 1979: 58**).

**و- زانیاری پێوانەیی و ناپێوانەیی لەبارەی خودی هەمان وشە:**

– لە (**فەرهەنگی کوردستان**) هیچ پێوەرێکی دیارینەکردووە بۆ دیاریکردن و ناساندنی زمان، کە ئایا ئەو زمانە میللیە، ئەدەبییە، فەرمییە، نافەرمییە....

– لە هەر دوو بەرگی (ئـ – ب)ی (**قامووسی زمانی کوردی**) ئاماژەی بۆ هیچ زانیاری خودی زمانەکە لە بارەی پێوانەیی یان ناپێوانەیی نەکردووە. کە ئەو زمانە میللییە، یان ئەدەبییە، یان فەرمییە، یان نافەرمییە....

**ز- زانیاری لەبارەی بەکارهێنانی جێگەی وشە و شوێنی بەکارهێنانی:**

– (**فەرهەنگی کوردستان**) ئاماژەی بۆ شوێنی وشەکان کردووە، هیچ لاپەڕەیەک نابینین کە ئاماژەی بۆ شوێن یان شێوەزار یان دیالێکتی وشەکە نەکردبێت.

–لە (**قامووسی زمانی کوردی**)دا زۆر لێهاتوانە زانیاری لە بارەی شوێنی بەکارهێنانی زۆربەی زۆری وشەکان نووسراوە، تەنانەت هێما بۆ شوێنەکانیش دانراوە (با.- بادینی، بک-. باکوری، جنـ-. جنوبی، زا-. زازایی، مکـ-. موکریانی ... هتد)، هەر وشەیەک نووسرابێت لە تەنیشتیەوە ئاماژەی بە شوێنی بە کارهێنانی کراوە. بۆ نموونە:

(ئارفتە) سنەیە، هاوواتای لە باکوور ڕفتە. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 20**).

(ئۆخژە) موکریانیە. (**ل113**).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

(ئەشکەنجە) پەهلەویە. (ل157).

(برژاو) موکریانی، سلێمانی، هەولێری، کەرکوکی)یە، واتە وشەی (برژاو) لە وشوێنانە (چوار) شار بەکاردێت. (ل 71).

بەرسک: سلێمانی. تەماشای بەرزگ. (ل 170).

(بەرانپۆز) سنەییە. (ل 153).

(بەق) هەورامیە. (ل203).

(بەهی) بادینیە. (ل 226).

## 5- زانیاری گشتگیری(الموسوعیە):

### أ- زانیاری لەبارەی ناوەکان:

### 1- کەسەکان:

- لە (**فەرهەنگی کوردستان**) ئاماژە بۆ ژمارەیەکی زۆری ناوەکان کراوە، لەوانەش (تاهیر): (باباتاهیری هەمەدانی، هەستیارێکی کوردی ناودارە، یەکەمین کەسێکە کە لە دوای پەیدابوونی ئیسلام هەڵبەستی بە کوردی دانابێ یا دەسکەوتبێ و مابێتەوە)(**بڕوانە: فەرهەنگی کوردستان:216**) هەروەها ناوەکانی (خدرۆک، پیران، بەتلیس، جامی، داماو، پەرتەو...).

- لە (**قاموسی زمانی کوردی**) بە دیاریکراوی باسی ناوی کەسەکان نەکراوە، بەڵام لە ڕێگای وشەکانەوە ئاماژە بۆ ناوی کەس کراوە. بۆ نموونە: لە ناوی (ئەخت و چار) لە تورکیا ناوە بۆ پیاوان، حاجی ئەختیی (محەمەد ئەفەندی مەحامیی – باڤێ توۆژۆ – ) یەکێک بووە لە ناودارەکانی شۆڕشی شێخ سەعید. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 125**). (ئاخوران بخوران) زاخورانی عەشیرەتێکی کوردن لە مەڵبەندی هەوشاری کوردستانی ئێران. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 10**).

(ئیمام) –ئیمامی بکر، ئیمامی عومەر، ئیمامی جەعفەری (شیعە) کە یەکەمیان (ئیمامی عەلی) و ئاخریان (مەهدی)یە. هەریەک لەو چوار کەسەی کە پاش پێغەمبەر (د.خ) خەلیفەی ئیسلامیان کرد. بۆ نموونە: ئیمامی ئەبوبکر، ئیمامی عومەر، ئیمامی عوسمان، ئیمامی عەلی. (**هەمان سەرچاوە: 222**).

لە ناوی (بارە) ئاماژەی بە شاعیری کورد (خانی)یەوە کردووە. کە لە نموونە: لە بارەی (خانیی) شاعیری گەورەی کورد زۆر شت نووسراوە. (**هەمان سەرچاوە: 1979: 25**).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

(بەیت) شێوەییێكی فۆلكلۆری ئەدەبیاتی كوردییە، بۆ نموونە: بەیتی كاكە مەم و خاتووزین، بەیتی خەج و سیامەند، كە ناوی (مەم و خاتو زین و خەج و سیامەند)ی هێناوە وەكو كەسانێكی دیاری ناو ئەدەبیاتی كوردی باسدەكرێن. (**هەمان سەرچاوە: 228**).

## 2- ئاژەڵەكان:

– لە (**فەرهەنگی كوردستان**) ناوی هەندێ لە ئاژەڵەكان هاتووە، لەوانەش: (تاجی/تانجی/تاژی/بۆنجی ...فیل، شێر.....

– لە (**قامووسی زمانی كوردی**) ناوی جۆرەها ئاژەڵ هاتووەو ڕوونكراوەتەوە، لەوانەش:

ئاروان: وشترێكی سێ بەهاری بینیوە.

ئاروان لۆك: وشتری نێر كە چوار بەهاری بینیبێ.

ئاروان وشتر: وشتری مێینەی چوار بەهاری دیتووە,

ئاروانە: ووشترێكی (چ نێر چ مێ) چوار بەهاری دیتبێ. ئەو چوار ناوە ئاژەڵە كە بە شێوەزاری ناوچەیی موكریانی نوسیویەتی. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 15**).

**ئاسك**: گیاندارێكە كاوێژ دەكات، دەست و قاچی باریك و درێژن، چاوی ڕەش و جوانە، بە خیرا ڕاكردن بەناوبانگە، گۆشتی ناسك و خۆشە. (**ل 29**).

**ئاڵەتاج**: مراوییێكی سپی خاڵخاڵی كێوییە، پەڵییكی سەوزی سێ سوچی لە سەر سەرییەتی. (**ل 63**).

وەكو باڵندە (ئەسپەشینە) باڵندەیەكی ڕەنگاوڕەنگە، لە كەڕەواڵە **گەورەترە**، لە كاتی هەڵفڕینا دەنگێكی لێوە دێ لە حیلەی ئەسپ دەچێ. (**ل 140**).

(ئەسپێ)یە زیندەوەرێكە لەبەر پیسوپلۆخی لە لەشی مرۆڤ و هەندێ گیانداری تر وەكو (مەیمون و ...)دا پەیدادەبێ. هەروەها لەناو هەندێ خۆراكیش هەیە وەكو (گەنم و جۆ و برنج و ئارد ...). (**ل141**).

**ئێستر**: گیاندارێكی بەكاری چوار پەل قایمە، لە جووت بوونی نێرەكەر و مایین پەیدادەبێ، لە كوردستان بۆ سواریی و بارەبەری كەڵكی لێ وەردەگیرێ. (**ل 232**).

**باز**: باڵندەیەكی گۆشتخۆری وریای خێرایە، نزیكەی سی چل سانتیمەتر درێژ دەبێ، باڵی كورت و باریكە، دندوكی خوارە و بەسینگی **پەڵەپەڵەی ڕەشی تێدایە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 30).**

**باشۆكە: باڵندەیەكی دەنوك كەوانەییە، لە واشە بچوكترە، ڕاوە چۆلەكەی پێدەكرێت. (ل 41).**

**باشو**: باڵندەیەكی ڕاوكەری بچكۆلەیە كە درێژایی دەوری سی سانتیمەتر دەبێت، چاوی زەردن، پشتی كەوەڕەنگ و بەر زگی سپییە پەڵە پەڵەی زەردی تاریكی تێدایە، لە حەوا باڵندەی تر دەگرێ و جار و باریش هێلكەی پەلەوەران دەخوا، لە كوردستانی خۆمان هەیە. (**ل 41**).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**باقۆ**: جۆرێک ماسی زلی بێ پولەکەی بێ درکە، دەمی لە باتی ئەوەی وەکو ماسی دیکە لە لەشی باریکتر بێ پانترە و جوتێ سمێڵی یەک داوی ئەستور کە لە هەر لەیەکەوە دە سانتیمەتر درێژ دەبێ ... شیعە خواردنی گۆشتی ئەم ماسییەیان بەلاوە حەرامە. (ل **43**).

**بانبانک**: گیاندارێکی کێوییە لە شێوەی (سمۆرە)، دەستەکانی لە قاچی کورتترن، ڕەنگی بەپێی وەرزی ساڵ دەگۆڕێت، کەوڵەکەی بۆ هەنێ شتی وەکو (کیسەباخەڵ) و (بەرگەکالان) بە کەڵک دێت، بۆیە لە زستانا کە ڕەنگی سپی و جوان دەبێ زیاتر هەوڵی ڕاوکردنی دەدرێ، لە ناو (غەڵ)ە بەردانـدا دەژی، لەناو کوردەواری دەڵێن ئەم گیانـدارە زێڕ دەدزێ و دەیشارێتەوە. (**ل 53ـ54**).

باوکە: نێرەی باڵندە و پەلەوەری وەکو چۆلەکە و پاساری و پەڕەسلێرکە و... (**ل 60ـ–61**).

**بزن**: گیاندارێکی گیا خۆری کاوێژکەرە، دوو شاخی هەیە بەرەو دواوە دەشکێنەوە، ڕدێنێکی درێژ و کلکێکی کورتی هەیە، شیری دەدا و لەشی موو داپۆشیوە. (**ل 87**). هەروەها (بزنەدۆخە، بزنەقسر، بزنەکوڕانە، بزنەکێوی ... هتد) ئەو جۆرە بزنانەش هەیە.

**بولبول**: باڵندەییێکی پچکۆلانەیە بە ئەندازەی چۆلەکەیەک، ڕەنگی پشتی کەوەیەکی ئاماڵ سوور و بەرزەگی زەرد، دەندوکی بچوک و خۆی بە تێکڕایی جوان و ژیکەڵەیە، دەنگی زۆر خۆشە. (**ل 111**).

**بۆق**: گیاندارێکە لە وشکانی و ئاوا دەژی، پێستێکی لینجی هەیە، پنۆک پنۆک ڕەش و قاوەیی تێدایە، لە ئاوا (گەرا) دادەنێ، بە گەراکەی دەڵێن (سەرەمێکوتە). (**ل 120**).

**بەراز**: گیاندارێکی بەهێز و قورسە، لەوانەیە بەچکەی خۆیان بەشیری مەمکان بەخێودەکەن، سمی هەیە، پێستی ئەستورە، تووکە کورت و ڕەقە، لمبۆزی هەیە، دوو ددانی لەولاولای دەمی هاتۆنەدەر(شـفرە)یان پێدەڵێن، بۆ خۆپاراستن و شەڕکردن کەڵکیان لێ وەرگرێ. (**ل 151**).

**بەرزەجورە**: حەشورەیەکە وەکو (کولله) وایە، بەڵام بچوکترە و ڕەنگی شینە، لە ناو دەغڵانـدا دەژی، هەمیشە زیقەزیق و جیرەجیر دەکا و دەنگی تیژە. (**ل168ـ 169**).

**بەرگاییلکە**: باڵندەیەکی بچوکە لە تیرەی چۆلەکە و کاتێ جوتێر جوت لێ دەخوڕێ لەبەردەم جوتۆکەوە هەڵدەقونێ. (**ل 173**).

بەق: نێرەکەو ل 203).

### 3- ڕووەکەکان:

– (**فەرهەنگی کوردستان**) ژمارەیەکی زۆری ناوی ڕووەکەکانی هێناوە، لەوانەش: (**ئاغچی واش**: گیایەکی گوڵ سپییە و بۆنی خۆشە و گولاوی لێ دەگرن )(**بروانە: فەرهەنگی کوردستان:10**) هەروەها ( **جۆل**): (گیایەکی بەهارییە



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

لە میرگاندا دەڕوێ و ئاژەڵ حەزی لێدەکات) (**بڕوانە: فەرهەنگی کوردستان:287**)، هەروەها ڕووەکی (بزیبزی: گیایەکی بەهارییە، کوێستانییە، سێ و چوار لق دەردەکات، گوڵێکی سپیبات دەگرێت) (**بڕوانە: فەرهەنگی کوردستان:108**).

- لە (**قامووسی زمانی کوردی**)دا ناوی ژمارەیەکی زۆری ڕووە ک و گیا نووسراوە و زۆربەیانی شیکردۆتەوە و زانیاری زۆری لە بارەیانەوەداوە بۆ نموونە وەک:

**ئاڵووباڵوو**: بەری دارێکی دەسچێنە هەر بەم ناوە، شێوەی خڕە، ڕەنگی سوورێکی مەیلە و ڕەشە، تامی شیرینە و تۆزێ مزرە. لە کوردستانی ئێران زۆرە و لە هەندێ شوێنی عێراقیش هەیە. وەکو میوەیێکی هاوینەی دەخورێ و لە باتی ترش دەکرێتە هەندێ چێشتان، ڕیچاڵ و ڕوب و شەربەتیشی لێ دەگیرێ، وەکو (چا)ش دەم دەکرێ و دەخورێتەوە. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 62**).

(**ئاڵەکۆک**) ناوی گیاییەکی بەهارییە، هەر زوو لە پەنا ڕەنوە بەفران سەر دەردێنێ، لە شنگ دەچێ، بەڵام گەڵای پانترە و توکن، بستێک بەرز دەبێتەوە، گوڵێکی زەردی هەیە، ڕەنگی کەم لە زەوی دەچێتە خوار، بنێکی خڕی هەیە دەخورێ. (**ل64**).

**ئەسپەڕە**: گیایەکی بەنی پێ زەردەکەن. (**ل140**).

**ئەسپەناغ**: گیایەکی بەهاری دەشتەکییە، گەڵای پانە و لاسکی باریک و شلکە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆتە ئەورووپا. لە کوردستانی عێراق پێی دەڵێن ئەسپەناخ. ئەپەندەر، ئەسپیندار...هتد (**ل140**).

**ئەسپینگ**: گیایەکی دەشتەکی بەهارییە، گەڵای باریک و درێژ و گرنج گرنجە، لە چیا و دەشتی کوردستان زۆرە، بە خوێوە دەخورێ. هاوواتاکەی ئەسپنگە. (**ل141**).

**ئەسرێلک**: گیایەکە، گوڵی جوانە، بنێکی ئەستوری هەیە کە مادەیەکی نووسەکی تێدایە، لە گەلێ شوێنی کوردستان شین دەبێ. (**ل150**).

**بابنەپێچ**: گیایەکی بۆن خۆشی لاسک سەوزی باریکی گەڵا وردی بەهارییە، گوڵی سپییە و لە ناوەڕاستیا تۆزێ زەردە و بۆنی خۆشە، بۆ هەندێ داودەرمان بەکاردێت. (**هەمان سەرچاوە: 1979: 10**).

**باپیریی**: جۆرە هەنارێکی ترش و شیرن (مزر)ە. (**ل 13**).

**بادام**: میوەیەکە دەخورێ، دارەکە دەسچێنە (کێوییشی هەیە)، لە کوردستان زۆرە، پڕە لە ماددەی چەوری و شەکری میوە، لە کوردستان بۆ خواردن و داوودەرمان بەکاری دێنن. (**ل 16**).

**باڕێزە**: گیایەکی لاسکی درێژ و ڕەش باوە، گەڵای ورد و سێ گۆشەیە، بە کەرەوز دەچێ، لە شاخان لەو شوێنانەی کەمێ ئاویان هەیە شین دەبێ. (**ل 29ـ30**).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**باقله**: گیایەکە ساڵەوساڵ دەچێندرێ، هاوشانی (لۆبیا)یە، جار هەیە گەزێک بەرز دەبێتەوە، خواردنی بەری ئەم گیایە مرۆڤ پێ تێر دەبێت. (**ل 43**).

**باقۆ**: هەنجیرێکی پێش ئەوەی بە چاکی بگا، وەریبێ. (**ل 43**).

**باڵنگ**: میوەیەکە لە ڕەگەزی پرتەقاڵ و نارنج، توێکڵی زر و ئەستور و زەردە، درێژۆکە و گەورە و قورسە، بۆنی خۆشە، دەکرێتە مرەبا و شەربەت. (**ل50**).

**بامێ**: گیایەکی دەسچێنی گەڵا پانی یەکساڵەیە. گەڵاکانی بە گەڵای گوڵە هێرۆ دەچێ. (**ل52**).

**بنەمێو**: تاکە دارێکی ترێیە. (**ل 106**).

**بەرسیلە**: ترێیەکە هێشتا ئاوی تێنەگەڕابێ و شیرین نەبووبێ. (**ل170**).

**بەندۆکە**: گیاییەکە بەهاران لە دەم جۆگا و چەمان شین دەبێ. بۆ خواردن دەس دەدا. کوزەڵە و بەندۆکە. (**ل 218**). ناوی ڕووەک و گیا و میوە.....

## 4- شوێنەکان:

– لە (**فەرهەنگی کوردستان**) ئاماژە بە ژمارەیەکی زۆری ناو شوێنەکان کراوە، لەوانەش: (زاخۆ: ناوی شارێکە لە کوردستانی عێراق ل516 ...)(بەیروت: پایتەختی لوبنانە ل130) هەروەها ناوی ( بانە و ئورفە و تەورێز و ئامووداو ئامێدی و چەندین ناوی تریش ).

– لە (**قامووسی زمانی کوردی**)دا باسی چەند شوێنێکی دیاریکراوی کراوە، وەک:

(ئاتەشگا: ناوی شاخێکە لە ناوچەی تاوەگۆزی. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 6**).

بەهۆی پاشبەندی (ئەک)ەوە ناوی شوێنی (سیتەک، چەمەک)ی نووسیوە و لە لە هـجەی باکوریدا (ئان)شی بە دواوە دێت، وەک: (کەمەکان) گوندێکە لە نیزێک دهۆکێ، سیدەکا (سیید ؟ + ئەک + ئان) گوندێکە لە برادۆست. (**ل162**).

(ئوردوگا) جێگای کۆبوونەوەی لەشکر، شوێنێکی چەکدار ئۆردووبەزی لێدەکەن. (**ل114**).

(ئاوی بابەقەتار) ئاوی کانییەکە لە موکریان، خەڵک لایان وایە خواردنەوەی کۆخە و کۆخەڕشە چاک دەکاتەوە و لە هەموو لایێکەوە بۆی دەچن و دەیهێنن. (**ل 74**).

بە هۆی ئاوەڵناوی (ئاوا) دەبێتە پاشبەند وەک: حەسەناوا، قازیاوا، هەمزاوا، قەرەجاوا. (**ل 76**).

(**بەستۆرە**: ناوی سەیرانگایەکە لە نزیکی شاری هەولێر. (**ل193**).

### ب- زانیاری لە بارەی ڕووداو و دیاردە و شوێنەوار:

## 1- ڕووداوی مێژووییەکان:



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

- (**فەرهەنگی کوردستان**) ئەو زانیارییانەی لەخۆگرتووە، کە تایبەتە بە ڕووداوی مێژوویی و دیاردە جوگرافییەکان و ناوی ئاسەوارە ناوبانگەکان، لەوانەش: (**موزدەکی** ل863- پەیڕەوی موزدەک ناوی ئایینێکە/ **سەسوون** ل566- خەڵکی چیای ساسۆنیە و ئازابونە...).

- (**قامووسی زمانی کوردی**) لەبەرئەوەی تەنها دوو بەرگ بووە و تایبەت بووە بۆ پیتی ( ئـ – ب ) زۆر بە فراوانی نەچۆتە بنج و بنەوانی ئەو زانیارییانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لەو زانیارییانەی تێدایە، بۆ نموونە ئەڵێ: (یەکێک لە ڕووداوە مێژووەکانی سەر زەوی و یەکەم ڕووداو ئەو ڕووداوەی کە (ئادەم) یەکەم مرۆڤە، کە لە سەر زەوی پەیدابووە. قورئان و تەورات باسی دەکەن: خوا دروستی کرد و لەگەڵ ژنەکەی لە بەهەشتا دایینان، پاشان لە سەر نافەرمانی فڕێی دانە سەر زەوی و هەموو مرۆڤ بنچینەی ئەون. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 11**).

## 2- دیاردە جوگرافییەکان:

- (**فەرهەنگی کوردستان**) دیاردە جوگرافییەکانی باس کردووە، لەوانە: (چیای باڵەکیان ل338 / چیای زینی دەرگەڵەی ل338 / چیای سپی ل338 / چیای ئاگرین ل338 / ئۆقیانووسی ئاسیا ل8 / ڕووباری فورات ل665...هتد). ڕوونکردنەوەشی لەبارەیانەوە داوە.

- (**قامووسی زمانی کوردی**) لەبەرئەوەی دوو بەرگی لێ دەرچووە، نەیتوانیوە باسی دیاردەی جوگرافی زۆر بکات، چونکە سروشتی فەرهەنگەکە وای هەڵگرتووە، کە بەپێی پیتەکان باسی دیاردە جوگرافییەکان بکات، لە دیاردە جوگرافییەکانیش باسی ئۆقیانووسەکانی کردووە و زانیاری لەبارەیانەوە داوە.

## 3- شوێنە بەناوبانگەکان:

- (**فەرهەنگی کوردستان**) ئاماژەی بۆهەندێ شوێن و شوێنەواری کۆن کردووە، لەوانەش: (**قەڵاشووشی** ل696- یەکێکە لە قەڵاکانی ڕەواندوز و کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی ڕەواندوزەوە)، ( **قەڵاتی لۆکان** ل696- ئەویش لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ڕەواندوزە....).

- (**قامووسی زمانی کوردی**) لەبەرئەوەی دوو بەرگی لێ دەرچووە، نەیتوانیوە باسی ناو و شوێنە ناودارەکانی بە زۆری بکات، چونکە سروشتی فەرهەنگەکە وای هەڵگرتووە، کە بەپێی پیتەکان باسی ئەو شوێنانە بکات، لە شوێنەکانیش باسی ( **بنار**)(ل101) و (**ئاتەشگەدە**)(ل6): شوێنێکە پەیڕەوانی دینی زەردەشت ئاگریان تێدا ڕادەگرت. جێگای بەجێ گەیاندنی ڕێ و شوێنی ئایینی زەردەشتە کردووە.

## ج- زانیاری لە بارەی ناو و ناونیشانی هەڵبێژدراوی کاری ئەدەبی و فکری:



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

– (**فەرهەنگی کوردستان**) ناوی هەندێ کاری ئەدەبی و فکری و هێناوە، لەوانەش: ( خەجێ و سیامەند ل357/ شیرین و فەرهاد ل657 / زاری کرمانجی ل518 ناوی گۆڤارە / ڕێزمان ل518 مەبەستی دەستووری زمانە کە ڕەشید کوردە بۆ زمان دایناوە.

(**قامووسی زمانی کوردی**) ئاماژەی بە وشەی ئەدەبی و فکری نەکردووە، چونکە چیرۆکێکی وەک (شیرین و فەرهاد، خەجێ و سیامەند ...هتد) بەپێی پیتەکانیان لەم دووبەرگەدا نییە.

باسی وشەی (**ئەدەب**)ی کردووە. یەکێکە لە زانستەکان کە لقی زۆرن: ڕێزمان، بەیان و بەدیع، عەروز و قافیە، شیعر و نوسین. بۆنموونە ئەدەبی یۆنانی، ئەدەبی عەرەبی.... (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 127**).

## د- زانیاری لە بارەی داب و نەریت و باوەڕە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان:

– (**فەرهەنگی کوردستان**) باسی لە ژمارەیەکی زۆری ئەو وشانە کردووە، کە تایبەتن بە داب و نەریت و باوەڕی ئاینی و کۆمەڵایەتی، لەوانەش: ( تاقی پیرۆزی ل212/ شەکراوخواردنەوە ل631/ شەماڵە 160..پێکمانەوەل198/ بانبارگە ل61).

– (**قامووسی زمانی کوردی**) ئاماژەی بۆ هەندێ زانیاری لە بارەی داب و نەریت و باوەڕی دینییەوە کردووە لەوانەش:

لە بارەی باوەڕی دینیەوە (**ئاتەشپەرست**) ئەو کەسەی ئاگر دەپەرستێ، ئاگر بە خودا دەزانێ یا لای پیرۆزە. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 5**).

(**ئیجازەی مارگرتن**): کارێکە شێخێکی تەریقەتی قادری لەگەڵ دەروێش یا هەر کەسێکی تر دەیکا_ (**هەمان سەرچاوە: 197**).

(**بانبارگە**) بەربووک یا هەر ژنێکی دییکە..(**عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 53**).

(**بەرات**) جێژنی بەرات، شەوی بەراتێ، شەوی (15)ی مانگی شابان. (**هەمان سەرچاوە: 151**).

## هـ- زانیاری لەبارەی زاراوەی زانستی:

– (**فەرهەنگی کوردستان**) هەندێ زاراوەی زانستی سەربازی باسکردووە، وەک: ( سەنگەر ل583 / تابوور ل208 ...) ئەگینا زاراوەکانی بواری فیزیا و گەردون و کیمیا و مۆسیقاو ....تری باس نەکردووە.

– (**قامووسی زمانی کوردی**) باسی لە چەندین زاراوەی جیاوازی بواری زانستی کردووە، لەوانەش:

(**ئالکۆل**) زاراوەیەکی کیمیایی زانستییە. (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 54**).

(**ئەسپەک**) ناوی نەخۆشیەکە کە لە ناو کوردا ناسراوە بە (ڕەشەگرانەتا). (**ل140**).

(**ئەستێرەناس**) زاراوەی گەردووناسی. (**ل149**).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

هەروەها (ئوستورڵاب) کە ئامرازێکە بۆ کاروباری ئەستێرەناسی بەکارهاتوە. (ل**110**).

(**ئیسکارپین**) جۆرە کوشێکی ژنانەیە لە دار دروست دەکرێت و تیزمالکە چەرمێکی لێدەدرێ کە سەر پەنجەی دەچێتە ناو. (ل**208**).

(**ئیسکلێت**) هەموو ئێسقانی لەشی بنیادەم و گیاندارانی تر کە تیغەرەی پشتیان هەیە (ئی بنیادەم 208 پارچەیە) بەو شکڵەی تەبیعەت ڕێکی خستوە و تێکی خستونەوە، هەیکەلی عەزمی. (**ل 208**).

(**ئیمپریالیزم**). (ئیمپڕیالست). (**ئیمپریاڵ**). (**عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 223**).

## پێنجەم: ئامرازە دیاریکراوەکانی ناو فەرهەنگ:

### 1- ئامرازی بینراو:

- (**فەرهەنگی کوردستان**) لە سەرەتادا – واتە- پێش ئەوەی چاپ بکرێت هیچ وێنە و نەخشە و وێنەی ڕوونکراوەیی تێدانەبووە، بەڵام پاش چاپکردنی لە لایەن لیژنەکەوە هەندێ و وێنە و وێنەر ڕوونکراوەیی تێداداناوە، بەڵام هەندێکیان دووبارەن و یان بە هەڵە بەرانبەر وشەکە دانراوە.

- (**قامووسی زمانی کوردی**) ئاماژەی بە هیچ وێنەیەک نەکردووە، کە ئەویش لە فەرهەنگدا کارێکی زۆر پێویستە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی وشەکان.

### 2- ئامرازی گۆکراو:

- (**فەرهەنگی کوردستان**) پشتی بە هەندێ ئامرازی گۆکراو بەستووە، وەک: (شیعر و ڕستە و ...).
- (**قامووسی زمانی کوردی**)یش بەهەمان شێوە چەندین کۆپلە شیعر و ڕستە و ..هتد، بەکارهێناوە بۆ ڕوونکردنەوەی وشەکان.

### 3- ئامرازی بیسراو:

- (**فەرهەنگی کوردستان**) و (**قامووسی زمانی کوردی**)ش بەپێی زانیاری لەو باوەڕەدا نین کە لە سەر (C.D ) و ( D.V.D ) و یان هەر ئامرازێکی تۆمارکردن یان لەسەر کۆمپیوتەر تۆمارکرابێت، کە زۆر پێویستە ئەو کارە بۆ هەموو فەرهەنگەکان بکرێت.

## شەشەم: پاشکۆکان:

- نە (**فەرهەنگی کوردستان**) و نە (**قامووسی زمانی کوردی**) هیچ لاپەڕەیەکیان لە کۆتایی فەرهەنگەکەیاندا تەرخان نەکردووە وەک پاشکۆ بۆهەندێ زانیاری وەک وشە ( هاوواتا و هاودەنگ و فرەواتا و ئیدیۆم و پەند و ناوی نەخۆشی و ناوداران و ڕووداوە مێژوو و جوگرافییەکان و ناوی ئاژەڵان و باڵندە و ناوی ڕووەک ورۆژانی هەفتە و ناوی مانگە کوردییەکان و زاراوەی زانستییەکان و ...). کە سوودێکی زۆری بۆ خوێنەر ئەبوو.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

## ئەنجامەكان:

1-بنەما نوێیەكانی فەرهەنگنووسی تاڕادەیەك لەهەردوو فەرهەنگەكەدا ڕەچاوكراوە، بەڵام (قامووسی زمانی كوردی) زیاتر ئەو بنەمایانەی تێدا بەدیار دەكەوێت.

2-زانیاری دەنگسازی لە هەردوو فەرهەنگە زۆر بە كەمی بەرچاو ئەكەوێ، لەبواری شێوەی گۆكردنی وشەكان و هێز و ئاواز و بڕگە..نەك هەر ئەم دوو فەرهەنگە بگرە فەرهەنگە كوردییەكان بە گشتی ئەو لایەنەی زۆر بەكەمی تێدایە.

3-لەبارەی زانیاری مۆرفۆلۆژییەوە (قامووسی زمانی كوردی) زانیاری زیاتری بەخشیوە بە خوێنەر لە چۆنێتی پێكهێنانی وشەكان و ناساندنی بەشەكانی ئاخاوتن ....

4-لەبارەی زانیاری ڕستەسازییەوە فەرهەنگی كوردستان كەمتر ئاماژە بەو لایەنە كردووە، نەك هەر ئەوە بەڵكو فەرهەنگە كوردییەكان بە گشتی ئەو كەمتەرخەمەییان هەیە.

5-لە بواری واتاوە هەردوو فەرهەنگەكە بایەخێكی زۆریان بە بواری واتا و كێڵگە واتاییەكانیان بە ڕوونی دیاریكردووە، بەڵام قامووسی زمانی كوردی مامۆستا زەبیحی زیاتر بایەخی بەو لایەنە داوە.

6-لەبارەی زانیارییە سەرەكییەكانی ناو فەرهەنگ، قامووسی زمانی كوردی زیاتر ڕووی لەو لایە كردۆتەوە.

7. لەو دوو فەرهەنگدا هیچ وێنەیەك یان نەخشەیەك یان هەر شتێكی تری ڕوونكراوەیی تێدا نییە، تەنها ئەوە نەبێت فەرهەنگی كوردستان پاش لە چاپدانەوەی لەلایەن لیژنەیەكی تایبەتەوە هەندێ وێنەیان تێدا بەكارهێناوە.

8-زۆربەی فەرهەنگە كوردییەكان ئەگەر هەمووان نەبێت كاری شێوەی گۆكردنیان بۆ نەكراوە، تا خەڵكی بتوانێت بەشێوەیەكی ڕاست و ڕەوان لە گۆكردنی تێبگات.

## سەرچاوەكان:

### - بەزمانی كوردی:

1ـ د.ئەوڕحمانی حاجی مارف(1987)، لەبواری فەرهەنگنووسیی كوردیدا، بەغدا.

2ــ د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف(2004)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی(كوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی) سلێمانی.

3ــ-د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف(2014)، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم، (وشەسازی)، بەشی چوارەم، ژمارە و ئاوەڵكردار، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

4ـ-جەلال مەحمود عەلی(2010)، ئیدیۆم لە زمانی كوردیدا، بەرگی سێهەم، سلێمانی.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

5-شكۆفه حسين محمد صالح(2017)، هەڵسەنگاندنێكی زمانەوانی فەرهەنگنووسیی كوردی(فەرهەنگەكەی زەبیحی بە نموونە)، نامەی ماستەر(بڵاونەكراوەتەوە)، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی ڕاپەڕین.

6ـ شیلان عومەر عەلی(2009)، ئیدیۆم چەشن و پێكهاتنی لە زمانی كوردیدا، چاپخانەی (ڕەنج)، سلێمانی.

7ـ-عبدالرحمن محمد امين زەبیحی(1977)، قاموسی زمانی كوردی، بەرگی (ئـ )، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا.

8ـ-عبدالرحمن محمد امين زەبیحی(1979)، قاموسی زمانی كوردی، بەرگی (ب )، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا.

9ـ-د.فاروق عومەر سدیق(2013)، جێپەنجەی فرێزی بە لیكسیكبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی كوردیدا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمارە (43)، بەشی B، سلێمانی.

10ـ-گیوی موكریانی(1999)، فەرهەنگی كوردستان، دەزگای ئاراس، هەولێر.

11ـ-د.محمد معروف فتاح(2001)، زمانەوانی و فەرهەنگسازی و دەوڵەمەندكردنی دەروازە فەرهەنگییەكان، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە (19)، هەولێر.

- **بە زمانی عەرەبی**:

12– احمد مختار عمر(1998)، صناعة المعجم الحديث، الطبعة الاولى، عالم الكتب، القاهرة.

13- خليل ابراهيم حماش(1997)، صناعة المعجم ثنائي اللغة، بيت الحكمة، الاردن.

14- **سەنگەر** علي مامه(2013)، صناعة المعجم بين اللغتين العربية والكوردية، اطروحة دكتورا، كلية التربية(ابن رشد)، جامعة بغداد.

15- عبدالعزيز احمد علام و عبدالله ربيع محمود(2009)، علم الصوتيات، مكتبة رشيد ناشرون، المملكة العربية السعودية- الرياض.

16- عبداللطيف الصوفي(1986)، اللغة ومعاجمها في المكتبة العربية، الطبعة الاولى، طلاس للدراسات والترجمة والنشر، دمشق.

17 د.عصام الدين ابوزلال(2016), اطلالة على المعاجم والدلالة, الطبعة الاولى, دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر, الاسكندرية.

18- د.علي القاسمي(2003)، المعجمية العربية بين النظرية والتطبيق، الطبعة الاولى، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت – لبنان.

19- د.علي القاسمي(1975)، علم اللغة وصناعة المعجم، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت – لبنان.

20- فندريس(1950)، اللغة، ترجمة:عبدالحميد الدواخلي و محمد القصاص، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

21- نور الهدى لوشن(2008)، مباحث في علم اللغة ومناهج البحث اللغوي، المكتب الجامعي الحديث.

- **بە زمانی ئینگلیزی**:



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

22- Wahby. T and C.J.Edmonds, A Kurdish – English dictionary, London, 1966.

**ملخص البحث :**

الاهتمام بالبحوث في مجالات المعجم والصناعة المعجمية، دليل الوعي باهمية وتطور اللغة، وفي هذا العصر يعتبر تلك البحوث من اعظم البحوث اللغوية، وكلما تطورت العلم والمعرفة والامور الاخرى في الحياة والمجتمع، تزداد الاهتمام بعمل الصناعة المعجمية.

وفي كل اللغات وبحسب الخاصية المميزة التابعة لها والمراحل التاريخية والاحداث التي يمر بها ومتى ماسنحت الفرصة لها ومنذ القدم والى الان، العمل المعجمي ان كان لغويا او غير لغويا، من بين المواضيع الذي اخذت حيزا جيدا من الاهتمام وبحث في جوانبه وابعاده. وكل الامم يحاول وبقدر الامكان ان يالف و يكتب اكبر عدد ممكن من المعاجم وفي مختلف المجالات العلمية ويدرس جوانبه و يضع المعايير والمباديء الحديثة لها، ولاجل ذلك خصصنا هذا البحث، لغرض ابراز ودراسة تلك المباديء الحديثة في الصناعة المعجمية، ومن ثم تطبيقها على معجمين في اللغة الكوردية ومقارنتهما وهي (**فەرهەنگی کوردستان** – معجم كوردستان) و (**قامووسی زمانی کوردی** – معجم اللغة الكوردية) لكونهما من المعاجم المهمة في الغة الكوردية والتي رعوا فيها تلك المباديء ويعتبران ايضا من المعاجم الحديثة ووضعا من قبل مؤلفين اللذين لهما دراية و خبرة علمية كافية في تلك المجال.

- عنوان البحث:

البحث موسوم بـ( المباديء الحديثة في الصناعة المعجمية الكوردية- (**فەرهەنگی کوردستان** – معجم كوردستان) و (**قامووسی زمانی کوردی** – معجم اللغة الكوردية) انموذجا-

- حدود البحث:

يشمل المعاجم احادية اللغة (كوردي – كوردي) والذي كتب باللغة الكوردية و لايشمل المعاجم الخاصة بجانب معين بل يشمل المعاجم التي لها صفة العمومية.

- سبب اختيار البحث:

ابراز ودراسة تلك المباديء الحديثة في الصناعة المعجمية، ومن ثم تطبيقها على معجمين في اللغة الكوردية ومقارنتهما، لكون الغلبة من معجميي الكورد لم يهتموا بها كثيرا في معاجمهما...

- منهج البحث:

بحسب طبيعة البحث استخدم المنهج الوصفي المقارن للتحدث عن تلك المباديء وتطبيقهما عل تلك المعجمين ومقارنتهما وابراز النقاط المتشابهة والمختلفة بينهما...

- اهمية البحث:

ابراز تلك المباديء الحديثة في علم المعجم و تطبيقها عند وضع القواميس، مع مراعاة النقاط والشروط والمعلومات الاخرى المتعلقة بتلك المجال.

- محتويات البحث:

بحسب طبيعة البحث، قسمناها الى فصلين:

الفصل الاول:خصص لدراسة الجوانب النظرية لتلك المباديء التي يجب ان يراعا في علم المعجم .

الفصل الثاني: خصص لتطبيق تلك المباديء علي المعجمين (**فەرهەنگی کوردستان** – معجم كوردستان) و (**قامووسی زمانی کوردی** – معجم اللغة الكوردية)...

## Abstract



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

This Linguistic study is entitled " **The Modern principles of Kurdish Lexicography – Kurdistan Dictionary and Kurdish Language Dictionary – as Example**" The research in the field of lexicology and lexicography is an evidence for the growth and development of language and it is the greatest field in the linguistic studies. The more developed the other concepts of life are, the more attention the lexicography receives.

The lexicography in all the languages whether in language or in the other fields has been paid a great attention, but it depends on the characteristics of the language, its historical stages and the circumstance that the language has passed through. The nations have tried their best to have a great deal of dictionary in their language and they wanted to be familiar with the conditions, principles and art of lexicography.

This study is an attempt to indicate the modern principles of lexicography and to particle them on both Kurdish dictionaries. These two dictionaries that have been written in the historical periods approximate to each other are Kurdish Dictionary by Giwe Mukiryany and Kurdish Language Dictionary by Zabihy. These dictionaries are shed light on and compared concerning the new principles that have been used in the lexicography.

The study has been divided into two sections. The first section is devoted to the theoretical aspects of the principles used in the filed of dictionary and lexicography including all the conditions and information that are related to the field. The second section deals with practicing these modern principles on these dictionaries Kurdish Dictionary and Kurdish Language Dictionary and comparing both of the dictionaries.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper24 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019